# چەند راسپاردەیەک و بیروڕای دکتور زەڵمی دەربارەی بابەتی ئوصول و فیقهی ئیســلامی - خوێندنەوەیەکی شیکاری یە-

نوزاد صديق ســليمان
زانکۆی ســـەلاحەددین-هەولێر/ کۆلێژی یاسا
nawzad.sleman@su.edu.krd

DOI: 10.31972/zalmy.19.01.004

ثوختةى تويَذينةوة:

سوثاس بؤ ئةو خوايةى كة لة هةموو ضةرخيَك وة لة هةموو شويَن و ولآَتيَك ضةندين زانا و كةسانى شارازا و بير ورد ثةيدا دةكات بؤ ئةوةى شويَن ثيَغةمبةران بطرنةوة لة روونكردنةوةى حوكمة شةرعيةكان و تيَطةياندنى خةلَك لة ئةركةكانيان.

لة كوردستانى خؤمان يةكةك لةو زانايانةى كة هةموو تةمةنى خؤى تةرخان كردبوو بؤ خزمةتكرنى شةريعةتى ئيسلام ثرؤفيسؤرى خواليَخؤش بوو زةلةمى بوو, كة ضةندين ثةرتووك و تويَذينةوةى لة دواى خؤى جىَ هيَشتووة.

كة جيَطاى خؤيةتي زانايان و تسثؤران و قوتابيان زؤر بة وردى خويَندنةوةى بؤ بكةن, تاوةكو سوودمةند بن لة بيرو و بؤضونةوةكةى دا. هة ر بؤ ئةم مةبةستة ئةم تويَذينةوةمان دةستنيشان كرد بؤ ئةوةى ثسثؤران و زانايان و خاوةن دةسةلآَت و بةرثرسانى ولآَت بة كردار راوبؤضوونةكان و راسثاردةكانى جىَ بة جىَ بكةن, وة دةمانةويَت لةم تويَذينةوة دا هةنديَك لة راو و بؤضوونةكان و راسثاردةكانى خويَندنةوةى شيكارى بؤ بكةين وةك:

راوبؤضونةكان و راسثاردةكانى دةربارةى ضاكسازى لة ثرؤطرامى خويَندن لة هةموو قؤناغةكان بةتايبةتى لة كؤليذةكانى شةريعة و ياسا, هةروةها راسثاردةى هةولَدان بؤ بايةخدان بة بةراورد كردنى شةريعة لةطةلَ ياسا لة تويَذينةوةكان و ثةرتووكةكان. راسثاردةى درووستكردنوو ثيَطةياندنى زاناى ليَهاتوو (مجتهد) لة بوارى شةريعةو ياسا, وة ضارةسةركردنى كيَشةى هةذارى و ئابوورى وة كةم كردنةوةى تاوان, بايةخدان بة لايةنى طيانى و رةوشتى, ثشت بةستن لة تيَكؤشان بة ذيرو و دةقةكان (وحى , عقل) وة راو و بؤضوونى بة سوود وةرطرتن لة كؤدةنطى زانايان لة بؤنةكان.

وة ضةندين بابةتى تر لة تويَذينةوةكة باس دةكةين بة ثشت بةستن بة سةرضاوةكانى سةرةكى ئوصول و فقهى اسلامى.

## ABSTRACT

Praise be to God who allows all Muslims to make in every age and society and state scientists are well versed in the thought and science successors of the Prophet peace be upon him to clarify and clarify the provisions of legitimacy and clear solutions to the appropriate problems of Muslims.

In Iraq and from the land of Kurdistan, one of the scholars who sacrificed his entire life in the service of Islamic law and law appeared in teaching, writing and fatwa. The great scholar Dr.

Mustafa Al-Zalmi, may God have mercy on him, who left us a great wealth and brought up thousands of scholars and enriched the Islamic library and legal enrichment.

It is the right of this jurist to us and to all the teachers and students who learned from him and benefited from his experience and knowledge to take care of his writings and research study and achievement and highlight the efforts and tranquility of all people.

The research study concluded with several conclusions and recommendations, including that this great jurist in his study of jurisprudential issues did not depend on a specific doctrine but rather relied on the method of comparison and balance between the views of the jurists and the choice of opinion, according to the strength of evidence and interest without fanaticism. He made a great effort to serve Sharia through law and the service of law through the Sharia and tried to close the gap between scholars of Sharia and law and encouraged in the study of comparison between Sharia and law.

Among my suggestions in the research is the invitation to the governors and professors, and with their own hand to study the proposals and opinions of the Zulmi and make it effective for the country and society.

## ١-١ ســـــەرەتــا

سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆ پەروەردەگاری هەموو جیهان، سڵاو درود بۆ گیانی پاکی پێغەمبەرمان و هەموو شوێن کەوتوانی.

ئەمەش یەکێکە لە بەزەیی و دلۆڤانی خوای مەزن کە لە هەموو سەردەمێك و وڵاتێك چەندین زانای خوا پەرست و تێ گەیشتو لە ئاین پەیدا دەبن، بۆ تێگەیاندن و هوشیارکردنەوەی موسڵمانان و خەڵك بەگشتی لەو راو بۆچونە هەڵانەی کە بەناوی ئاین و فەرمودەکانی خواو پێغەمبەر بڵاودەبنەوە کە بۆ سەردەمی ئێستامان ناگونجێ. وە دەبنە مایەی دواکەوتنی کۆمەڵگاو تێك چوونی ژیان و زیادبوونی کێشەکان لە هەموو رویەکەوە.

د. مصطفی زەلی رەحمەتی خوای لێبیت یەکێکە لە پایەدارتین زانا کە لەم سەردەمەدا پەیدابوو لە هەموو رویەکەوە لە وڵاتی خۆمان کە بەرهەم زادەی پێگەیشتوی حوجرەی مزگەوتەکانی کوردستانە. کە زانستی عەقڵی و نقلی کۆکردوە، هەروەها شەریعەت و یاسای بەجوانترین شێوە پێکەوەناوە، وە زانستی بەراوردکاری هێنایەتەکاوە، مامۆستای ماندونەناس خاوەن چەندین بڕوانامەی زانستی یە شەرعیەکان و ئەکادیمیەکانە. وە هەروەها چەندین بەرهەمی زانستی بەهێزی لە دوای خۆی جێ هێشتوە.

لەم توێژینەوە باسی هەوڵ و تێ کۆشان و بەرهەمەکانی و هەندێکراوبۆچوونی و پێشنیارەکانی ئەم زانا پایەدارە دەکەم.

## ١-٢ هۆی دەست نیشان کردنی ئەم تۆژینەوە

١. لەبەرئەوەی بابەتەکە پەیوەست دارە بەزانایەکی کورد، ویستمان لەم رێگەیە ئەم زانایە بەخەڵك بناسێنین و خزمەتی نەتەوەی خۆمان بکەین.
٢. وەك وەفاداریەك بۆ مامۆستا، کە زۆر شت لەوانەکان و بەرهەمەکانی فێربوم.
٣. چونکە ئەم مامۆستا بەڕێزە، هەردەم لە خزمەتی ئاین و کۆمەڵ بوە، هەموو راوبۆچون و پێشنیارەکانی هەڵێنجراوی قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەرن.

١-٣ گرنگی تۆژینەوە

گرنگی تۆژینەوە لە گرنگي بابەتەکەدایە کە پەیوەست دارە بە راوبۆچونەکان و پێشنیارەکارەکانی بەشێوەی زانستی و دڵسۆزی و بەبەڵگەوە وە بەبێ دەمارگیری هەروەها پابەندنەبوونی بەمەذهەبێك لە مەذهەبەکان.

١-٤ ئامانج لە تۆژینەوە

١. ویستمان لە رێگای ئەم تۆژینەوە گشت مامۆستاو پسپۆڕو نوسەران ئاشنابکەین بەو بەرهەمە چاك و بەسودانەی د. زەڵمی وەبەری هیناون، وە هانیان بدەین بۆ خوێندنەوەو پێداچونەوەو لێ کۆڵینەوەو نوسین لەسەر بەرهەمەکانی.
٢. هاندانی مامۆستایان و توێژەرانە، تاوەکو لاسایی مامۆستا بکەنەوە لە ژیان و هەوڵ و تێکۆشانی وە ئەم دکتۆرە پایەدارە، بیکەن بە پێشەواو پێشەنگی خۆیان و لاسایی کردنەوە یان لەم شێوازەوە کە بەکاری هێناوە لە ژیان بۆ خزمەت کردنی ئاین و کۆمەڵگا لە رێگای نوسینی دەرس وتنەوەو تۆژینەوەی زانستی.

١-٥ پلانی تۆژینەوە

تۆژینەوەکەم پێکهاتوە لە سەرەتاو سێ باس و کۆتایی:

باسی یەکەم/ پوختەیەك لە ژیان و بەرهەمەکانی زانستی د. زەڵمی
باسی دوەم/ چەند راسپاردەو پێشنیاری د. زەڵمی
باسی سێیەم/ چەند راوبۆچونێکی د. زەڵمی لە بابەت فقه و أصولی ئیسلامی
کۆتایی: دەرەنجامەکان و پێشنیارەکان

## ٢- پوختەیەك لە ژیانی زانستی د. زەڵمی

٢-١ ناو و نازناوی: شوێنی لەدایك بوونی

ناوی مصطفی ابراهیم محمدأمین

ناسراو بە (زەڵمی) چونکە بنەماڵەی ئەم زانا پایەدارە لە گوندی زەڵم کە سەر بەناحیەی (خورماڵ) لە قەزاي حلبجە پارێزگای سولەیمانیە.(١)

لە ساڵی ١٩٢٤ لە گوندی (زەڵم) لە دایك بووە، تاوەکو تەمەنی (١٢) ساڵ هەر لەم گوندە بوە.(١)

٢-٢ گەشەکردن و گەورەبونی

هەر لە گوندی (زەڵم) لە بنەماڵەیەکی ئاین پەروەر بوە، لە ساڵی ١٩٣٤ چوەتە قوتابخانەی ئاینی، لە پاشان بۆ خوێندن لە گوند دەرچوو لە نێو حوجرەکانی مزگەوتەکان وانەی ئاینیی دەخوێند، وە لەساڵی ١٩٤٠ چوو بۆ (ئێران) لە

نێو قوتابخانە ئاینیەکان دەگەڕاوو دەی خوێند، دواجار لە شاری کۆیە جێگیر بوە. وە لە ساڵی ١٩٤٦ بڕوانامەی زانستە ئیسلامیەکانی ئەو سەردەم لەلای مامۆستا ملا نوری جلی زادە (بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی گشتی وەرگرتوە.[٢]
پاشان بۆ خزمەت کردن بە ئاین و گەلەکەی لە چەندین شوێن کاری پێش نوێژي و وتار خوێنی کردوە. دوا جار لە ساڵی ١٩٥٥ چوەتە بواری خزمەتی سەربازی وەك پێش نوێژو سەرپەرشتیاری ئاینی لە سوپای عیراق جێگیر بوە. وە بە پلەی ئەفسەر دامەزراوە بۆماوەی (١٧) ساڵ لە سوپا بەم ئەرکە ماوە.[٣]

٢-٣ بڕوانامەکانی ئەکادیمی

هەر لەو کاتەی کە پێش نوێژي سوپا بوو شان بەشانی کارەکەی لەبەرئەوەی زۆر حەزي لە خوێندن و خزمەت بوو. هەوڵی دا بۆئەوەی بڕوانامە فەرمیەکان وەدەست بهێنێ ـ ئەوەبوو توانی بڕوانامەی سەرەتایی ئینجا ناوەندی ئینجا ئامادەیی دەست بهێنێ، ئینجا هەوڵی دا بچێت بۆ زانکۆ ئەوە بوو توانی بڕوانامەی بکلۆریۆس لە یاسا، ئینجا لە زانستە ئیسلامیەکان وەدەست بهێنێ. ئینجا بڕوانامەی ماستەر لە زانکۆی بغداد هەروەها بڕوانامەی ماستەر لە قانون لە زانکۆی ـ ئەزهەر ـ بهێنێ. دوایی لەساڵی ١٩٧٥ بڕوانامەی لە فیقهی بەراوردکار لە نێوان شەریعەت و یاسا هێنا. وە لە ساڵی ٢٠٠٥ یش بڕوانامەی دکتۆرا لە یاسا لە زانکۆی بغداد بەدەست هێنا.[٤]

ئا بەم شێوەیە بۆمان دەرکەوت چەند شەیدای خوێندن بووە، وە هەوڵی داوە لە هەردولایەنی یاسا و شەریعە زۆر شارەزابێت بۆ ئەوەی بتوانی خزمەتی ئاین لە رێگای یاسا بکات وە خزمەتی یاسا لە رێگای ئاین بکات.[٥]

٢-٤ خزمەتی د. زەڵمی لە زانکۆکان

دوای ئەوەی گەڕاوە لە مصر بۆ بغداد لە ساڵی ١٩٧٦. لە زۆربەی کۆلیجەکانی یاسای زانکۆکانی بغداد و مستنصریە و زانکۆی نهرين و پەیمانگانی دادوەری وانەی وتوەتەوە، وە سەرپەرشتیاری سەدان ماستەرنامەو تێزی دکتۆرای کردوە وە هەروەها بەشداری لە سەدان گفتوگۆی ماستەرنامەو تێزی دکتۆرای کردوەو هەروەها تۆژینەوەي زانستی هەڵسەنگیوە (تقییم)، وە چەندین تۆژینەوەی زانستی بڵاوکردۆتەوە لە چەندەها کۆنگرەی زانستی لە عیراق و دەرەوە بەشداربووە.[٦]

هەروەها لە ساڵی ١٩٨٧ بوو بە راگری کۆلیجی یاسا لە زانکۆی بغداد، وە لە ساڵی ١٩٩٠ بوو بە راگری کۆلیجی صدام لە بغداد.

وە لە ساڵی (٢٠٠٧) خانەنشین کرا، وە کە گەڕاوە بۆ کوردستان لە کۆلیجی یاساو زانستە ئیسلامیەکان وانەبێژو سەرپەرشتیاری قوتابیانی دەکرد وە هەروەها بە راوێژکاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە هەرێمی کوردستان دامەزرا.[٧]

٢-٥ مامۆستاو قوتابیانی د. زەڵمی

د. زەڵمی لەلایەن باشترین مامۆستایانی خویندوە لە زانستە ئیسلامیەکان لە مزگەوتەکان وەهەروەها لە زانکۆکانی عیراق و مصر، هەروەها دکتۆر زانستی یاسای دەستکردی ـ لەلایەن زۆرێك لە مامۆستایان لە عیراق و أزهر خوێندوە.

د. زەڵمی چەندین قوتابی هەبوە لە قوتابخانە ئاینیەکان و کۆلێژی یاسا و زانستە ئیسلامیەکان، بەسەدەها قوتابی زیرەك لەژێر دەستی ئەو دەرچووە ئێستا بەرزترین کاریان هەیە لە داموو دەزگای میری وە زۆرێکیان مامۆستای بەناوبانگن لە زانکۆکانی عیراق و کوردستان.[٨]

٢-٦ پەڕتوك و تۆژینەوەکانی د. زەڵمی

د. زەڵمی هەرچەندە واناسراوە کە پسپۆڕی لە بابەتی (فقه وأصول) دا هەیە، بەڵام زۆر شارەزایە لە زۆر بواری تر، چەندین پەڕتوك و تۆژینەوەی هەیە لە بەراوردکردنی فقه و یاسا.
بەیەکەمین شارەزا دادنرێت لەم ناوچەدا لە بواری بەراوردکرنی فقه و یاسا. هەروەها لەسەر منطق، فلسفەو تفسیرو مێژوو، دەروناسی... هتد، زۆر پەڕتوك و نوسراوی هیە.
د. زەڵمی نزیکەی (٦٠) پەڕتوکی هەیە لە بابەتە جیاکان.[٩]

بەرای من لە هەرە بەناوبانگترین و چاکترین پەڕتوك، پەڕتوکی (أصول الفقه الاسلامي في نسيجيه الجديد)يە. کە لە زۆربەی زانکۆکانی عیراق و کوردستان بوە بە پڕۆگرام. هەروەها بیست و پێنج جار زیاتر چاپ کراوە لەبەر گرنگی.

سوپاس بۆ خوا هەروەها بۆ رێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێم نێچیرڤان بارزانی کە لە ساڵی ٢٠١٤ لەسەر ئەرکی بەڕێزیان (٥٠) پەڕتوك لە (٢٤) بەرگ، بەڕێوەبەری پرۆژەی چاپ کردنی پەڕتوکەکانی د. زەڵمی مامۆستا ریدار رؤوف أحمد ـ پەڕتوکەکانی لە چاپ دا لە ژێر ناونیشانی (الكامل للزلمي في الشريعه والقانون).
هەروەها لەهەمان ساڵی ٢٠١٤ لەسەر ئەرکی رێزدار نێچیرڤان بارزانی پرۆژەی وەرگێڕانی (الكامل للزلمي في الشريعة والقانون) بۆ کوردی بەسەر پەرشتیاری پرۆژە رێزدار مامۆستا ریدار رؤوف أحمد لە چاپ درا بە زمانی کوردی، هەروەها جگە لەم پەڕتوکانە د. زەڵمی (٢) پەڕتوکی نوسیوە بە ناونیشانی (مذكرات حياة د. الزلمي) وەهەروەها (كتاب تقسيم الميراث و مەولودنامە).[١٠]

لێرەدا زۆر دەست خۆشی لەو مامۆستا بەڕێزانە دەکەم کە پەڕتوکەکانی د. زەڵمیان کردوە بە کوردی بەتایبەتی م. رێدار رؤوف بەڵام داوا خوازم لێژنەیەك لە پسپۆڕان پێك بێت بۆ خوێندنەوەی پەڕتوکەکانی زەڵمی بۆ پێداچونەوەو تەماشاکردنی ئەم لایەنانەی خوارەوە:

١. جیاکردنەوەی پەڕتوکە یاساییەکان لە فقهیەکان.
٢. دیاریکردنی فەرموودەکانی پێغەمبەر لە راست و دروستی بە گەڕانەوەی پرۆگرامی فەرموودەکانی پێغەمبەر.
٣. لابردنی دوبارەکردنی نوسینەکان / لەزۆر پەڕتوك زۆر شت دوبارەبوینەوە، دانەر خۆی زۆر شتی لە زۆر پەڕتوك نوسیوە بەمەش کەم دەبێتەوە.
٤. گەڕانەوەی قسەکانی بۆ ئەو سەرچاوانەی لێ ی وەرگیراوە ( توثیق بکرێت نوسینەکان).

٢-٧ هۆکارەکانی دروست بوونی کەسایەتی زانستی بەرزی د. زەڵمی

زۆر هۆکار وای کردوە کە د. زەڵمی بەیەکێ لە شارەزایان و کەسایەتی مەزنی زانستی و ناوبانگی بەرز لە هەموو ناوچەکەو بگرە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاوبێتەوە.
بەکورتی چەند هۆکارێك دیاردەکەم بە گوێرەی خوێندنەوەمان بۆی:

١. خەڵاتی خواو رەحمەتی میهرەبانی خوای مەزن : خوای گەورە دەفەرموێ ((يُؤْتِي الْحِكْمَةَ مَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ))[١١].
خوای گەورە بیروهۆشێکي ساغ و دروستی پێ دابوو کە زۆر بەجوانی و بەوردی توانا خوێندنەوەو لێ کۆڵینەوەو شیکردنەوەی بابەتەکان بکات زۆر دانایانە حوکمی شەرعی هەڵدەهێنا لە دەقەکانی قورئانی بیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەر درودو سەلامی خوای لێ بێت.
٢. هەر لە مناڵی زۆر حەزو شەیدای خوێندن و زانست بوو، وەك لە ژیانی باسمان کرد کە بۆ خوێندن بە دواي چەندین قوتابخانەی ئاینی گەڕاوە لەناوەو دەرەوەی کوردستان، لەلای چەندین مامۆستای هەرە بەرز چەندین

پەڕتوکی خوێندوە لە هەردوو بەشي (عقلي و نقلي)، زۆر شارەزایی پەیداکرد لە نحو، منطق، صرف، بلاغە، فلسفة ... هتد.

٣. ئینجا دوای خوێندنی ئاینی لە قوتابخانە ئاینیەکان هەوڵی دا خۆی تۆکمە بکات بەخوێندنی ئەکادیمی لە چەندین زانکۆ بڕوانامەی زانستی ئیسلامیەکان و یاسای دەست کرد ـ بکلۆریۆس، ماستەر، دکتۆرا.

٤. ئەوەی زیاتر بیروهۆشی فراوان کرد ئەوەبوو خویندنی بەراوردکاری شەریعەت و یاسای خوێند، هەر لەبەر ئەمە شارەزایەکی تەواوی پەیداکرد لە زانستی یاسا، ئەوەبو توانی بکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرا لە یاسا لە زانکۆکانی بغداد و أزهر وەربگرێت.(١٢)

٥. خوێندن لە قوتابخانە ئاینیەکان ئینجا لە کۆلیجەکان زۆر کاریگەربوو، چونکە بەرای زۆرێك لە زانایان ئەمڕۆ نە بەتەنها خوێندنی قوتابخانە ئاینیەکان زانای شارەزا پەیدا دەکات، نە بەتەنها خوێندن لە کۆلیجەکان، بەڵکو تێکەڵ کردنی هەردووك زۆر کاری گەری دەبێت و زیاتر شارزا دەبێت.

٦. جگە لەمە ـ شارەزابوون لە یاساي دەست کرد زۆر زۆر گرنگە بۆ مامۆستایانی شەریعە هەروەها شارزابون لەشەریعە زۆر گرنگە بۆ مامۆستایانی یاسا ـ چونکە ( قانون و شريعة) دوو پۆلن لێك دانابڕێن وەك د. زەڵمی فەرمویەتی، بەتایبەتی بۆ ئەم چەرخە.(١٣)

٧. مامۆستا بەهۆی دەرس وتنەوە لە قوتابخانە ئاینیەکان دواتر لە کۆلیژەکان، هەروەها سەرپەرشتي کردنی چەندەها بڕوانامەی ماستەرو تێزی دکتۆراو بەشداربوون لە چەندین کۆنگرەی زانستی و گفتوگۆکردنی چەندین نامەی ماستەرو دکتۆرا، هەموو ئەمانە کاری گەری زۆری هەبوو لە گەشەکردنی زانست و بیرو هۆشی د. زەڵمی.

٨. مامۆستا وەك نوسەرانی تر نەبوو تەنها قسەی زانایان بنوسیتەوە بەڵکو رەخنەی دەگرت ـ رای خۆی هەبوو: وە زۆر لەسەر ئەو بابەتانەی دەنوسي کە نوێن و چارەسەری کێشەکان دەکەن. وە هەموو مەذهەبەکانی دەخوێندەوە، پابەند نەبوو تەنها بە مەذهەبێك.

٩. مامۆستا د. مصطفی، هەرگیز سەر بەهیچ حیزبێکی سیاسی نەبوو، وە بەدوای شوێن پۆست و دەسەڵات نەبوە، زۆر خاکی بوون و هەر بەدوای زانست و خزمەت کردنی زانست بوە.(١٤)

١٠. بوێری د. زەڵمی لە دەرخستنی بیروڕاکانی خۆی بێ ئەوەی لە رەخنەو تەشەنەی خەڵک بترسێ هەروەها دەمارگیر نەبوو بۆ هیچ مەذهەبێک.

٢-٨ هەڵوێستی زانایانی شەریعەت بەرامبەر نوسین و بیروڕاکانی د. زەڵمی

دەتوانم رای زانایان بکەم بە (٢) جۆر:

١. چینێك لە مامۆستایان وە بەتایبەتی زۆرێك لە مامۆستایانی زانکۆی شارەزا لە زانستە ئیسلامیەکان زۆر ستایشي د. زەڵمی دەکەن لە هەموو ئەو نوسینانەی کە نوسیەتي، چونکە ـ لە بەر ئەوهۆکارانی باسمان کرد بۆ دروست بونی کەسایەتی زانستی د. زەڵمی مامۆستای پایە بەرز شیاوی ئەوەیە رای خۆی هەبێت بۆ گشت بابەتەکانی شەریعەت ئینجا مەرج نیەراستی پێ کابی یان نا، گرنگ ئەوەیە خۆی ماندوو کردوە وە بەدوای گەڕاوە، وە دەڵێن نوێ خوازە هەوڵی داوە+ ئێمە پابەند نەبین تەنها بەرای زانایانی کۆن، هەرەوەها دەڵێن مامۆستا جیاوازە نابێت وەك ئەو جۆرە مامۆستایانە تەماشا بکرێت کە دروشمی نوێ خوازی بەرز دەکەنەوەو رای خۆیان دەردەخەن بەڵام شیاونین نەگەیشتون بەم پلەیە کە بتوانن (اجتهاد) بکەن هەروەها زۆر دلسۆزنین بۆ خزمەتی ئاین.

لەبەرئەوە دەڵێن ئەو هەموو پەڕتوکە بەنرخ و قوڵانەی کە لە شەریعەت و یاسا نوسیەتی شیاوی ئەوەیە بۆئەوەی کەببنە مەرجەعی زانایانی عیراق و کوردستان لەبەرئەو تێڕوانین و حیکمەتە شیاوەی کە هەیبوو لە چارەسەرکردنی پرس و بابەتەکاندا.(١٥)

٢. بەشێکی تر لە مامۆستایانی ئاینی ـ بەتایبەتی لە کوردستانی خۆمان زۆر بەچاوی رەخنە دەڕواننە بەرهەم و پەڕتوکەکانی د. زەڵمی خوای لێ خۆشبێت، بگرە هەندێکیان وادەزانن بیروبۆچونەکانی د. زەڵمی پێچەوانەی قورئان وفەرمودەکانی پێغەمبەرە، چونکە ئەم جۆرە مامۆستایانە تەنها پابەندبوون بە راوبۆچەناکانی مەذهەبی شافعی رەزای خوای لێبێت. دەیانویست ئەم مامۆستایەش هەر لەسەر لاسایی کردنەوەی رابردوو بەردوام بێت نوێگەری نەکات لە مەذهەبی شافیعی لانەدات.[١٦]
مامۆستا دەرمارگیری مذهبی نەبوو، کام را لەگەڵ قورئان و فەرمودەو عەقل و منطق و سەردەم بگونجابا وەری دەگرت.
من وەك قوتابي ئەو، زۆر زۆر تامەزرۆی قسەو نوسینی ئەوم لەبەرئەوەی قسەکانی بەگوێرەی یابەپێ ی بەڵگەی قورئان و فەرمودەی پێغەمبەر و مەبەستەکانی ئاینی پیرۆز دەکات، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەینێ لە هەموو راوبیروبۆچونەکانی بەڕاست و دروست بزانین، لەبەرئەوەی مرۆڤە فریشتە نیە، وە پێغەمبەر نیە ـ هەموو کەس لەوانەیە هەڵە بکات لە نەزان و لێزان بەڵام بەشێوەیەکی گشتی د. زەڵمی شایانی ئەوەیە گشت نامەو پەڕتوکەکانی وەك زانایان دەڵێن بە جوانی و رێکی و پوختی بنوسرێتەوە ببێت بە پرۆگرام بۆ گشت کۆلیژەکان و لێژنەی فەتواکان، بۆ ئەوەی کاری پێ بکرێت لەم چەرخەدا چونکە د. زەڵمی فەتواکانی بۆ ئەم چەرخە داوە نەك بۆ پێشتر یان دواتر.

٢- ١٠ کۆچی دوایی د. زەڵمی

ئەم زانا پایەدارە لە بەرواری ٢٠١٦/٦/٤ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد، وە هەر لەهەمان رۆژ لە ئارامگایەکی تایبەت بەخۆی لە ناو (سەنتەری روناکبیری د. مستەفا زەڵمی) لە شارۆچکەی خورماڵی ناوچەی هەورامانی مەڵبەندو زێدی خۆیدا ئەسپەرەکرا.[١٧]
هەزار هەزار سڵاو و درود بۆ گیانی باکی بێت.

## ٣- راسپاردەو پێشنیارەکانی د. زەڵمی رەحمەتی خوای لەسەر بێ لەبابەتی فقە و أصول دا

د. زەڵمی خوا لێی خۆش بێت لە زۆربەی نوسین و کتاب و تۆژینەوەکانی چەندین پێشنیارو راسپاردەی کردوە بۆئەوەی خەڵك بەگشتی و دەسەڵات داران بەتایبەتی بیخەنە بواری جێ بەجێ کردن.
لەبەرئەوەی ئەم زانا پایەدارە وەك کەسانی تر نیە هەر لە خۆیەوە راسپاردەو پێشنیار بکات بەڵکو ئەو شارەزایەی کەپەیدای کردوە لە ئەنجامی ئەم هەموو خوێندن و وانە گوتنەوەو بەشداری کردن لەسەدەها گفتوگۆی نامەی ماستەرو دکتۆرا، کۆنگرەی زانستیەکان، هەروەها لە تێ گەیشتنی لە فەرمودەکانی و خواو پێغەمبەر. لەبەر ئەمە بەباشمان زانی هەندێك لەو راسپاردەو پێشنیارانە بنوسین کە د. زەڵمی نوسیویەتی بۆ ئەوەی پسپۆڕان و مامۆستایان و توێژەران خوێندنەوەی بۆ بکەن و تۆژینەوەی لەسەر بکەن، ئینجا دوایی بیدەن بە دەزگا پەیوەندی دارەکانی وڵات بۆ جێ بەجێ کردنی.
وەك نمونە هەندێ پێشنیارو راسپاردە دەنوسم، بەکورتی خوێندنەوە بۆ هەندێکیان دەکەم، لەبەر نەبونی شوێن ئەمە بەجێ دەهێڵم بۆ ئەوانی تر لەسەری بنوسن:

١-٣ لەبواری پەرستن (عبادات)

١. باوەڕ بوون (الاعتماد) بەخوا، کۆڵگەی پشتی هەموو شتێکە بۆ ژیانێکی بەختەوەر، هەرکەسێك باوەڕی بەخواو ئەوانی لێ دەبنەوە - باوەڕ بەدواڕۆژ/ غەیبیات (نەدیوەکان)، فریشتەکان، پێغەمبەران نەبی و نەبێت ئەمە پابەندبوون نیە بەهیچ شت وە هەرکەسێك پابەندبوونی نەبو، هیچ متمانەی پێ ناکرێت، وە کەسێك متمانەی پێ نەکرا شیاوی هیچ کارێك نیە، ناکرێت ببێت بە ئەندامێکی بەسوود لە کۆمەڵگای ئادەمیزاد.[١٨]

بەڵێ زۆر راستە. چونکە گەر کەسێك لەخوا نەترسا، باوەڕی بەخواو دواڕۆژ نەبوو زۆر ئەستەمە خۆی دوربخات لەستەم و خۆپەرستی هەر بۆیە وتراوە (الایمان) الأمان - واتا باوەڕهێنان ئاسایش و دڵنیایە بۆ خۆی و بۆ خەڵکی تر.

هەر لەبەر ئەوەیە خوای گەورە سوێندی بەزەمانە خواردوە هەموو ئادەمیزادێك زەرەرمەندو تەنها ئەو کەسانە نەبێ کە باوەڕیان بەخوا هەیە لەدڵەوە وە کردەوەی چاك دەکەن بەئەندامەکانی لەشیانەوە- وە راسپاردەی خەڵك دەکەن لەسەر کردنی کاری باش و خواپەرستی، وەدور دەکەونەوە لە قەدەغە کراوان وەهەروەها خۆڕاگرن لەسەر کێشەو بەڵاو ئازارو ئەشکەنجە لە ئەنجامی فەرمان کردن بەچاکەو قەدەغە کردن لە خراپە.[١٩]

گەر کەسێك باوەڕی هەبوو خەڵك باوەڕی پێ بکات (گەر خۆي ئاسودەبوو) باوەڕی هەبو خەڵکیش ئاسودە دەکات، لەبەر ئەوە خوای گەورە لە قورئان دەفەرموێ: ((وَالْعَصْرِ * إِنَّ الْإِنْسَانَ لَفِي خُسْرٍ * إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ)) سورة العصر.

٢. دەربارەی زەکات چەندین پێشنیاری کردوە:

أ- پێ ویستە لەسەر زانایان بگەڕێنەوە سەر جێ بەجێ کردنی زەکات دان بەو بەشەی خوا دیاری کردوە - (المؤلفة قلوبهم). واتا کار بە فەتوای پێشەوا عومەر رەزای خوای لێ بێ نەکرێت چونکە ئەو بۆ سەردەمی خۆی بوو، ئەمڕۆ پێ ویستە زەکات بدرێت بەو هەژارانەی کە موسڵمانیش نین بۆئەوەی هان بدرێن بێنە ناو ئیسلام چونکە زۆرێك لە مەسیحیەکان پارەو سامان دەکەن بە ئامراز بۆ هاندانی موسڵمانان تاوەکو ببن بە مسیحی.[٢٠]

ب- لە راڤەکردنی (ابن السبیل)، د. زەڵمی داوا دەکات زەکات بدرێت بەو نەخۆشانەی کە چارەسەریان لە ناو وڵاتی خۆیان نیە پێ ویستیان بە چارەسەرە لە دەرەوەی وڵات وە ئەوانەی توانای داراییان نیە ئەمە دروستە زەکاتی پێ بدرێت بۆ ئەوەی بتوانی چارەسەری خۆیان بکەن، چونکە (ابن السبیل) جۆرێکە لەوانەی زەکاتیان پێ ئەدرێت ئەمانەن کە ئەوەندە پارەیان نیە بگەڕێنەوە پێی بۆ وڵاتی خۆیان - ئەوانە ئەم نەخۆشانەش دەگرێتەوە کە بتوانن پێ بچن و بێنەوە بۆ دەرەوەی وڵات بۆ چارەسەرکردن.[٢١]

بەڵێ ئەمە راو بۆچونێکی بەجێ یە بەڵام ئەبێ بە رێکاری دروست ئەنجام بدرێت. واتا لێژنەی پزیشکیی بڕیار بدات ئەم نەخۆشە چارەسەری نیە لە وڵات مەگەر لەدەرەوە نەبێت. چونکە ئەگەر بەبێ مەرج و رێکار بێت زۆر کەس داوا دەکات زەکاتی پێ بدەن بۆ چارەسەرکردن لە دەرەوەی وڵات، بۆ ئەوەی سودو قازانج بۆ نەخۆشخانەکان و پزیشکەکانی ئێمە بگەڕێتەوە.

ج- د. زەڵمی داوا دەکات لە هەموو دەوڵەتێکی ئیسلامی وەزارەتێك یان دەستەیەك هەبی بەناوی زەکات، کاروباری وەرگرتنی زەکات لە دەوڵەمەندان وە دابەش کردنی بەسەر ئەو هەشت چینانەی کە خوای گەورە لە سوڕەتی تەوبە باسی کردوە.[٢٢]

د. زەڵمی خوا لێی خۆش بێ ئەم پێشنیارەی لەم ئایەتە وەرگرتوە کە خوای گەورە دەفەرمێ: (خذ من أموالهم صدقة تطهرهم و تزكيهم بها).[٢٣]

واتا نابێ دەوڵەمەندەکان سەربەست بکرین بە ئارەزوی خۆیان زەکات بدەن / چۆن ئەدەن/

چەند ئەدەن، وە ئەی دەن بەکێ چونکە گەر وابوو ـ زۆر لە دەوڵەمەندەکان زەکات نادەن، وەئەگەر بدەن بەشێوەیەك دابەش دەکەن کە سودی نەبێ، نابێتە مایەی بن بڕکردنی هەژاری و نەداری. وە ئەمە تەنها را و پێشنیاری زەڵمنیە بەڵکو زۆرێك لە زانایانی کۆن و نوێ ئەم رایەیان هەیە.[٢٤]

لەبەرئەوە زۆر پێ ویستە دەزگایەك دەستەیەك هەبێ بۆ جێ بەجێ کردنی کاری زەکات.

ئێمە لە کۆلیژی یاسا چەند ساڵێك پێشتر لێژنەیەکمان دروست کرد بەبەشداربوونی چەند مامۆستایەکی پسپۆڕ بە سەرپەرشتي د. جبار صابر بۆ دانانی پرۆژەیەك بۆ دروست کردنی دەستەیەکی بێ لایەن سەر بەحکومەت و وەزارەتی ئەوقاف نەبێ ـ بەڵام بەهەماهەنگی ئەوان چونکە زۆر کەس لەوانەیە ئەو باوەڕو متمانەی بە ئەوقاف نەبێ، لەبەر ئەوەی پێشنیارمان کرد کە ئەم دەستەیە هەڵ بژێرن لەچەند کەسێکی شارەزاو خاوەن ئەزموون و دەست پاك. وە لێژنەی ئێمە پرۆژەکەی بەرزکردەوە بۆ پەرلەمان بۆ خوێندنەوەو پەسندکردنی، بەڵام بەداخەوە نازانم بۆچ کاری پێ نەکرا.

ئومێدەوارم بەهۆی ئەم کۆنگرە ئەم پێشنیارەی د. زەڵمی خوا لێی خۆش بوو بهێننە دي وە پرۆژەکەمان یا پرۆژەیەکی تر هاوشێوەی ئەو دروست بکرێت، بەمە کارێکی باش دەبێت هەژاری و نەداری کەم دەبنەوە وڵات لە بێ کاری و تاوان رزگار دەبێت. چونکە ئەگەر هاتوو دەزگای زەکات رێك بخرێت وە بەشێوەیەکی رێك وپێك زەکات وەربگرن وە دابەش بکرێت بەسەرهەژارو نەداران ئەوە گومانی نیە هەژاري و نەداری کەم دەبێتەوە لە وڵات ـ نەخشی نەفامی تاوانی خراپەش لە کۆمەڵگا زۆر کەم دەبێت.[٢٥]

وە بەم هۆیە تاڕادەیەک تاوان و کاری خەراب لە کۆمەڵگا زۆر کەم دەبێت.

٣. دەربارەی نوێژو وتاری هەینی:

أ- د. زەڵمی دەڵێ پێ ویستە لەسەر دەوڵەت، لە ناوەڕاستی هەموو شارێك مزگەوتێکی زۆر گەورە دروست بکرێت شوێنی خەڵکێکی زۆر بگرێتەوە. بۆ ئەوەی مەبەست و فەلسەفەی نوێژو وتاری هەینی بێتەدی. ئەویش هوشیارکردن وئامۆژگاری کردنی نوێژخوێنانە بۆ هاوکاری یەکترکردن و چارەسەرکردنی گیروگرفتی یەکتر وە بەهێزکردنی پەیوەندی و زیادکردنی یارمەتی دانی یەکتر لە هەموو رویەکەوە.

ب- هەروەها داوا دەکات ئەبێ وتارخوێنی شارەزاو لێ هاتوو دابین بکرێن بۆ مزگەوت چونکە ئەرکێکی گەورە لەسەرە ئەویش چارەسەرکردنی کێشەکانە لەگەڕەك یان شارەکە یان هەرێم یان وڵات یان جیهان بەگشتی، پێ ویستە وتارخوێن دوربێت لە شتی خەرافیات و ئەفسانە، ئەبێت وتارەکانی لەگەڵ سەردەم بگونجێت خۆ دوربخات لە گێڕانەوەی ئەو فەرمودانەی کە نادروستن .... هتد.[٢٦]

بەڵێ، دەربارەی مزگەوتی گەورە لەشار گەر بکرێت زۆر باشە، گەرنا پێ ویستە بۆ هەر گەڕەکێك مزگەوتێکی گەورە هەبێ چونکە ئەوەی ئێستا هەیە مزگەوتەکان زۆر لێك نزیکن دەنگیان تێکەڵ بەیەك دەبێت، ئەو کۆبوونەوەی گەڕەك کە یەکێکە لە حیکمەتەکانی جمعە نایەتەدی، وە وتارخوێنی باش ئەستەم دەبێت بۆ گشت ئەم مزگەوتانە دابین بکرێت.

بۆیە ئەبێ وەزارەتی ئەوقاف و خێرخوازان ئەم پرسە چارەسەر بکەن. مزگەوت کەدروست دەکرێت بایەخ بەگەورەیی حەرەم بدرێت، ئێستا ئەو هەموو ژوور وساحەو باخچەو شتەی ناوێ گرنگ ئەوەیە حەرەمی مزگەوتەکە گەورە بێت، خەڵکی گەڕەك هەموو شوێنی ببێتەوە. هەروەها دەربارەی وتارخوێن ئێستا ئەمڕۆ خەڵك زۆر گلەیی لە هەندێك وتارخوێنان هەیە کە شایستەی ئەوە نین بچنە سەر مینبەری پێغەمبەر درودو سەلامی خوای لەسەر بێت لە شوێنی ئەو وتار بخوێنن.

لەبەرئەوە ئەبێ وەزارەتی ئەوقاف زۆر ئاگاداربێت هەموو کەسێك نەکات بە وتارخوێن، من دەڵێم ئەمڕۆ خەڵك زۆربەی خوێندەوارە ئەبێ وتارخوێن زۆرخوێندەوارو شارەزابێت زۆربەی خەڵك دەرچووی کۆلیج و

خاوەن شهادەی ماستەرو دکتۆران، نابێت وتارخوێن لەخەڵك ئاستی کەمتر بێت وا باشە کۆلیجی وتارخوێنیان (کلیة الخطباء) بگرێتەوە نەك پەیمانگە.
ئاستی دەرچوانی هەندێك پەیمانگەی وتارخوێنان زۆر نزمە وە بایەخی تایبەت بە وتارخوێنان بدرێت، زۆر خول بۆیان بکرێتەوە تیادا بەشداربن لەلایەن مامۆستایانی پسپۆڕو شارەزا وانەیان پێ بڵێن، من پێشنیار دەکەم خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا لە شەریعەت ئەوانەی تواناو ئارەزویان هەیە بکرێن بە وتاربێژی هەینی، وە بیکەن بەزۆر ئەوەی بەشدار نەبێت سزا بدرێت.

٤. ڕاسپاردەو پێشنیاری د. زەڵمی دەربارەی حەج (حج)- (کۆنگرەیەکی ئیسلامي جیهانیە):
دەبێت هەموو وڵاتێکی موسڵمان کاتی حەج بقۆزنەوە، چەندین زاناو پسپۆڕ لە هەموو بەشەکانی زانست (تەندروستی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، شەریعە، رامیاری ... هتد) بنێرن لەگەڵ حاجیەکان بۆ حەج کردن وە لەوێ لە مەکە یان مەدینە بەشداری کۆنگرەکان بن کە ساڵانە دەکرێت چونکە گرنگی و جیاوازی ئەم کۆنگرانە لەگەڵ کۆنگرەکانی تر ئەوەیە ئەم کۆنگرەی حەج تەنها لەروی دونیاو مادە نیە بەڵکو لەروی مادی و واتایی (معنوي)، ئینجا لێرە وڵاتان دەتوانن لە ڕێگای نوێنەری خۆیان کە زاناو شارەزاکانن کێشەکان باس بکەن وە چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزنەوە، بەهاوکاری و یارمەتی یەکتر. هەروەها دەتوانن ئەو ناتێ گەیشتنی لەگەڵ یەك هەیە چارەسەر بکەن بەتایبەتی لە روی فەتوا دانی ئاینی چارەسەر بدۆزنەوە.[٢٧]
بەڵێ دەکرێت وەزارەتی ئەوقاف هەمانگی بکات لەگەڵ وەزارەتەکانی تر بەتایبەتی پەروەردەو خوێندنی باڵاو، ناوەخۆ، ئابوری، تەندروستی ... هتد. ساڵانە چەندین پسپۆڕ دەست نیشان بکەن لە بوارە جیاجیاکان کە کاریان ئەوەبێ شان بەشانی ئەرکی حەج، ئەو کێشەی هەیە لە وەزارەتەکەیان لە حەج لە کۆنگرە گفتوگۆ بکەن لەسەری و چارەسەری گونجاو بۆ بدۆزنەوە وە ئەوان کاتی حەج سەردانی دەزگاکانی سعودیە بکەن شت لێك فێربن.

٣-٢ ڕاسپاردەو پێشنیارەکانی د. زەڵمی دەربارەی کاروباری وڵات

١. یاسای دەستوری هەموو وڵاتێك بەرزترین یاسایە، نابێت هیچ یاسایەك دەربچێت دژایەتی بکات لەگەڵ دەقێك لە دەقەکانی دەستور، وە هەرکاتێك دژایەتی هەبوو لە نێوان دەقی یاسا لەگەڵ دەقی دەستور ئەوە ئەبێ پێ ویستە لەسەر دادوە کار بەدەستور بکات نەك یاسا، چونکە ئەم یاسایە دەستوری نیە.[٢٨]
بەڵێ ئەوە لەوەوە هاتوە چونکە دەستوری هەموو وڵاتێك لە جیهان بریتیە لە دانانی پلان و نەخشە کێشان بۆ رێك خستنی ژیانی کۆمەڵ بەپێی رێسا و بنەمایە گشتیەکان وە دیارکردنی دەسەڵاتی هەر سێ دەسەڵاتەکان. وە بەپێی ئەم دەستورە ئەم دەسەڵاتە یاسادانانە دەتوانی یاسا دابنێت بۆ گشت بەشەکانی یاسا بۆ کاروباری ژیانی کۆمەڵ بەمەرجێ نابێت ئەم دەسەڵاتە یاسادانانە یاسایەك دابنێت پێچەوانەی دەستوربێت وە ئەم پێی دەوترێت (دستور القوانین) (دەستوری یاساکان).[٢٩]
بەپێی ئەم یاسایە دەستوریە، زۆر یاسای وڵاتان هەن دژایەتی لەگەڵ یاسا دەستوریەکان دەکەن.

٢. پێشنیاری د. زەڵمی بۆ کاندید کردنی ئەندامانی پەرلەمان:
د. زەڵمی فەرمویەتی: بەپێ ی لێکۆڵینەوەکان دەربارەی کاندیدکردنی ئەندامانی پەرلەمان، ئەندام پەرلەمان مەرج نیە مەرجەکانی شیاوی اجتهادی هەبێ (مجتهد) بەڵام مەرجە پسپۆڕ و شارەزابێ لە بوارەك لەو بوارانەی گفتوگۆی لەسەردەکرێ.[٣٠]
ئەمە لەبەرئەوەی ئەم پێشنیارەی کردوە چونکە زۆربەی ئەوشتانەی گفتوگۆی لەسەر دەکرێت لە پەرلەمان کاروباری دونیان، حوکمی شەرعی ناوێت تاوەکو پێ ویستی بە اجتهاد هەبێت. لەبەرئەوە واچاکە لەکاتی کاندیدکردنی ئەندام پەرلەمان لە هەموو جۆرە کاروبارێك چەند پسپۆڕو شارەزا هەبن. ئەوکاتە سەرکردەکانی

وڵات لە ڕێگای ئەم ئەندام بەرلەمانە پسپۆڕ و شارەزایانە لە بواری جیاجیا دەتوانن زۆر چارەسەری زۆر لەو کێشانە بکەن کە دیتە ڕێگایان وە گفتوگۆی لەسەر دەکەن، وە بەمەش وڵات و ژیان بەرەو باشتر پەرەپێدان دەڕوات، چونك هەروەك خوا دەفەرمویَ لە قورئان ((وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ))[٣١] وە هەروەها خوا دەفەرمویَ ((فَسْأَلْ بِهِ خَبِيرًا)).[٣٢]

ئەم دوو ئایەتە پێمان دەڵێت ـ پێ ویستە لەسەر موسڵمان بۆ ئەوەی لە کارەکانی سەرکەوتوو بێ پرسیارو راوێژ لە کەسانی پسپۆڕو شارەزا بکرێت. هەر ئیشێك و کارێك شارەزاو پسپۆڕی خۆی هەیە، کاری کشت وکاڵ پرسیارو راوێژ لە پسپۆڕو شارەزا لە کشت وکاڵ، یاسا لە یاسا ناسان، تەندروستی لە پزیشکان... هتد.

زانایان دوو جۆرن، زانایانی دونیا زانایانی قیامەت، بۆ کاروباری دونیا لە زانایانی دونیا هەریەك بەپێ ی پسپۆڕی خۆی بۆ کاروباری قیامەت لە زانایانی قیامەت هەریەك بەپێي پسپۆڕی خۆی.[٣٣]

٣. د. زەڵمی پێشنیار دەکات لە یاسادانەریَ عیراق و کوردستان چاو بخشێننەوە بەیاساکانی سزای زینا کەرو عەرەق خۆر.[٣٤]

لە کاتێك د. زەڵمی باسی تاوانی زیناو عەرەق دەکات، داوا دەکات پي ویستە لەسەر یاسادانەری عیراق (کوردستانیش) دەگرێتەوە، چاو بخشێننەوە بەو یاسایەی کە دژایەتی دەکات لەگەڵ حوکمەکانی شەریعەت و ئیسلام وە ئەبێ ئەم یاسایانە هەموار بکەنەوە وە بگونجێ لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام ئەمە زیاتر نزیك دەبێتەوە لە دادپەروەری و لەگەڵ سروشتی کۆمەڵگا دەگونجێ کە بەپێ ی دەستوری عیراق ئاینیی فەرمی ئیسلامە، هەروەها بەپێی مادە (٢) لە دەستوری عیراق کە نابێت یاساکانی دژایەتی دەستورو شەریعەتی ئیسلام بکات. وە هەموار کردنی ئەم یاسایانە بەگوێرەی شەریعەت تاوان لە کۆمەڵگا کەم دەکاتەوە.

٤. بۆ دەوڵەت و خاوەن دەسەڵات هەیە، هەرکەسێك خاوەن موڵکی کشت وکاڵ بێت، زەویەکەی خۆی بەکارنەهێنا لە سێ ساڵ زیاتر لەسەر یەك ئەوا ئەبێت لێ ی وەرگیرێتەوە بیدەن بەو کەسانە کە سودی لێ وەردەگرن وە بەرهەمی دێنن.[٣٥]

ئەم داواکاری و پێشنیارەی لە دەقی قورئان و فەرمودەی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت وەرگرتوە.

خوای گەورە لە قورئان دەفەرمویَ: ((وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِنْ بَعْدِ الذِّكْرِ أَنَّ الْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُون)).[٣٦]

واتا سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە لە کتێبی زەبوردا دوای تەورات بڕیارمان داوە، کە بێ گومان بەندە شیاو چاکەکانم دەبنە خاوەن زەوی.[٣٧]

مەبەست لە (عِبَادِيَ الصَّالِحُون)، بەندە شیاو چاك ئەمەیە زەوی بەکاربهێنێ بەرهەم بهێنێ، واتا خوا ئەو کەسە دەکاتە جێ نشینی خۆی لەسەر زەوی کاربکات وە زەوی بەرهەم بهێنێ.[٣٨]

هەروەها پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت فەرمویەتی: (ليس لمحتجر حق بعد ثلاث سنوات).[٣٩]

٥. پێشنیارو راسپاردەی د. زەڵمی بۆ سەرکردەو دەسەڵات دارانی وڵات:

پێ ویستە لەسەر سەرۆکی وڵات و لێ پسراوەکان هیچ بڕیاریك و کارێك نەکەن ئەگەر پەیوەندی بە بەرژەوەندی گشت و وڵات و کۆمەڵ هەبێ بەبێ راوێژکردن. لەم چەرخە دەکرێت راوێژ بە ئەندامانی ئەنجومەن (پەرلەمان) بکات وەك ئەنجومەنی راوێژکار هەژمار دەرکرێت بەمەرجێك:

١ـ هەڵ بژاردنەکە راست و دروست بێ، ئەم ئەندام پەرلەمانە بەدەنگی میللەت بووبێ بە ئەندام لە پەرلەمان.
٢ـ ئەم ئەندامانە شارەزاو لێ هاتووبن.[٤٠]

٣-٣ راسپاردەو پێشنیارەکانی د. زەڵمی دەربارەی پرۆگرامی خوێندن:

د. زەڵمی چەندین راسپاردەو پێشنیاری هەیە دەربارەی پرۆگرامی خوێندن، هەر ئەم بابەتە توێژینەوەیەکی تەواوی دەوێ بەڵام لێرەدا بەکورتی دەست نیشانی هەندێك راسپاردەو پێشنیارەکان ئەکەم، ئومێدەوارم مامۆستایان و توێژەرانی تر لەسەر ئەم بابەتە هەستیارە بنوسن.

١ـ داوا دەکات هەندێك بابەتی شەریعە لە کۆلیجەکانی یاسا بخوێنرێت هەروەها هەندێك بابەتی یاسا لە کۆلیجەکانی شەریعە بخوێنرێ بۆ کەم کردنەوەو رەواندنەوەی ئەو بۆشایەو لێك دوری لە نێوان یاساو شەریعەدا هەن چونکە هەردوکیان تەواو کەری یەکترن.

٢ـ داوا دەکات لە دەوڵەت و دەسەڵات لێژنەیەك لە پسپۆڕانی شەریعەت پێك بهێنن پرۆگرام و پەڕتوکە ئاینیەکان تەماشا بکەن، خاوێنی بکەنەوە لەو شتانەی ناراستن و لەگەڵ علم و زانست دەقەکانی قورئان ناگونجێ.[٤١]

٣ـ داوا دەکات خوێندنی بەراورد لە نێوان یاسا و شەریعە لە زۆربەی بابەتەکانی کۆلیجی یاسا و شەریعە زۆر بکرێت، بەتایبەتی لە توێژینەوەکان و ماستەر و دکتۆرا، ئەم بابەتانە بنوسن بەراوردی بکەن لە نێوان یاسا و شەریعە.[٤٢]

٤ـ داوا دەکات لە بەرپەرسان و مامۆستایان لە کۆلیجی یاسا بەتایبەتی تەنها بابەتی شریعەی ئیسلامی لە بەشی تایبەت (قانون خاص) نەخوێندرێت بەڵکو لە بەشی گشتی بخوێنرێت، وە دەڵێ خوای گەورە بەتایبەتی لە لێ پسراوانی زانکۆ و کۆلیجەکان یاسا دەپرسێتەوە لەبەرئەوەی کەمتەرخەمیان کردوە لە دانانی بابەتی شەریعە لە کۆلیجەکانی یاسا.

بەڵێ زۆر پێ ویستە قوتابی یاسا شەریعەت بزانێ چونکە شەریعە یەکێکە لە سەرچاوەکانی یاسا. هەروەها پێ ویستە قوتابی شەریعە یاسا بزانێ، چونکە یاساش زۆربەی لەگەڵ عقل و ئاین پێك دەکاتەوە ـ زۆربەی سەرچاوەکانی شەریعە بەرژەوەندی عەقلە، چۆن دەبێت یاسا فەرامۆش بکرێت.

٥ـ پێشنیار دەکات، رێزمانی زمانی عەرەبی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن هەتا خوێندنی باڵا بخوێنرێت، چونکە ئێستا خەڵك زۆر زبانی عەرەبی فەرامۆش کردوە تەنها بایەخ بە زبانەکانی تر ئەدەن.[٤٣]

بەڵێ زۆر پێ ویستە زمانی عەرەبی لەبەر ئەوەی زمانی قورئانە و خەڵك چەند زمان بزانێت ئەوەندە زیاتر سود لە زانیاری وەردەگرێت.

٦ـ دەربارەی دادگاکان پێشنیار دەکات دادوەرەکان خانەنشین نەکرێن بەڵکو بکرێن بە راوێژکار لە وەزارەت و هەروەها بە هەمان شێوەی مامۆستایانی زانکۆ ئەوانی پلەی زانستی بەرزیان هەیە.

ئاشکرایە چ دادوەر چ مامۆستای زانکۆی خاوەن ئەزمون دەوڵەت زۆر سودیان لێ وەردەگرێت بۆ راوێژکردنیان ئەمە زۆر لەوە باشترە کە خانەنشین بکرێن، خەڵک و دامودەزگاکانی دەوڵەت و قوتابیانی خوێندنی باڵا لە شارەزاو زانستی ئەو خاوەن ئەزمون و زانستانە بێ بەش نەبن بەتایبەتی ئەوانەی شیاون بۆ راوێژکردن.

## ٤- راو بۆچونی د. زەڵمی لە چەند بابەتێك لە فقە و اصول دا

د. زەڵمی چەندەها پەڕتوك و توێژینەوەی هەیە دەربارەی فقە و اصول. تەنها چەند بابەتێك باس دەکەین، تیادا بیروبۆچونەکانی دیاردەکەین.

٤- ١ راو بیرو بۆ چونی حکمی فرە ژنی لای د. زەڵمی

بەڕای د. مصطفی: موسڵمان تەنها ئەبێ یەك ژن بهێنی، بەڵام دروستە فرە ژنی بكات بەبوونی چەند پاساوێك و مەرجێك واتا بەبێ بوونی هیچ پاساوێك و نەبوونی مەرجەكان فرەژنی قەدەغەیە لە ئیسلام، وە حەڕامە.

وە هەر كەسێك ژنی دووەم یان زیاتر بهێنی وە بزانیت ئەم فرە ژنیە ئەبێتە مایەی ستەم كردن لە ژنی نوێ یان پێشتر ئەوە گوناه بار دەبێت وە قەدەغەیە بۆی ژنی زیاتر بهێنی. چونكە خوای گەورە مەرجی داناوە بۆ ئەو كەسەی زیاتر لەیەك ژن بهێنی ئەبێ داد پەروەری بهێنەدی، چونكە خوای گەورە فەرمانی كردوە یەك هاوسەر بخوازیت لە كاتی ترسانی لەوەی دادپەروەر نەبیت.

وە ئەگەر زیاتر ترسانی هەبوو نەتوانیت پێداویستیەكانی هاوسەری لە روی ماڵ یان جەستە ... هتد بهێنیتەدە ئەوە (مكروهه) پەسندنیە فرەژنی بكات.(٤٤)

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز دەفەرموێ ((فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً)).(٤٥)

واتا: ئەگەر ترسان لە ئەنجام نەدانی دادپەروەی لە نێوان هاوسەرەكانتدا ئەوە با یەک ژن ماره بكەن.(٤٦)

د. زەڵمی دەفەرموێ بەپێ ی فەرمودەی خوا: خوای گەورە فەرمانی كردوە تەنها یەك ژن بهێنین گەر نەتوانن دادپەروەربین وازهێنان لە فەرمانی خوا بەبێ پاساو گوناه و سەرپێ چیە.(٤٧)

زانایان لە راڤەی ئەم ئایەتە بیوبۆچونیان جیاوازە، زۆربەی زانایان دەڵێن فەرمانی (فأنكحوا) بۆ دروستی (إباحه) وەك (كلوا و أشربوا).(٤٨)

بەڵام امام رازی دەفەرموێ ـ وازهێنان لەم جۆرە ژن هێنانە بەم شێوەیە باشترە لە هێنانی ئەمە بەڵگەیە ئەگەر سونەت نەبێ ئەرك و واجب هەر نیە.(٤٩)

بەكورتی بە رای د. زەڵمی هەر كەسێك زیاتر لەیەك ژن بهێنی ئەم مەرجانی تیانەبێ ئەمە حەڕامە بۆی بهێنی وە گوناه بارە.(٥٠)

١. توانای دارایی هەبێت كە بەشی زیاتر لەیەك ژن بكات..
٢. بیانویەكی شەرعی هەبێت پاساو بێت بۆفرەژنی.
٣. جێ بەجێكردنی دادپەروەری و یەكسانی لە نێوان ژنەكانیدا.

٤-٢مەرجەكانی مجتهد و چۆنیەتی پێگەیاندنی

د. مصطفی زەڵمی بەم شێوەیە پێ ناسەی مجتهدی كردوە: كە بریتیە لەو زانایەی كە شایستەو شیاوەو لەبارە، وە هەموو توانای زانایەتی خۆی بخاتە كار بۆ ئاشكرا كردنی ئەو بڕیارو یاسایانی كە داوا كراون و پێویستن.(٥١)

٤-٢- ١ مەرجەكانی مجتهد

لەسەرچاوەكانی اصولی فقه، زانایان چەندین مەرجیان داناوە بۆ ئەو كەسەی بگات بە پلەی مجتهد.(٥٢)

د. مصطفی زەڵمی لە پەڕتوكی أصول الفقه في نسجیه الجدید (هەشت) مەرجی داناوە(٥٣)، بەڵام لە پەڕتوكی دلالات النصوص – مەرجەكانی كۆكردوەتەوە بە (٣) خاڵ:

١. تێگەیشتن لە ناوەڕۆك و ناخی شەریعەی ئیسلام لە قورئانی پرۆزو فەرمودەكانی پێغەمبەر درودو سەلامی خوای لێ بێت، هەروەها مەبەست و ئامانجی و دور لە لاسایی كردنەوە، واتە تێگەیشتن لە ناواخنەكەی و رۆشتینە قوڵاییەكەی. ئەم جۆرە تێ گەیشتنە بە (دوو) شت پەیدا دەبێت:

أ- توانستە ناوخۆیەكان (الامكانات الذاتیة) – یان (الفطریة)، واتا ئەو كەسە خودی خۆی هەر لە بونیەوە خاوەن ژیرێكی پێ گەیشتوەو ئامادەكاری تیادا هەیە، وە چەندین رەوشتی جوانی بەرزی هەیە.

ب- توانسته وەرگیراوەکان (الامکانات المکتسبة) واتا ئەم جۆرە زانین و توانایەی بە هەوڵدانەوە دەستی هیناوە، وەك خوێندن و فێربون و راهێنان لەسەر زانستەکانی ئامرازی خوێندن (نحو، منطق، صرف، بلاغە، ...).

٢. مەرجی دوەم: تێ گەشتنی لە ناخی ژیان (فقه الواقع والحیاة) وە هەروەها تێ گەیشتنی لە بەرژەوەندیەکان و لایەنە خراپیەکان وە زانینی ئەو حوکمانەی ك وابەستن پەیوەندیان بە داب و نەریت و بەرژەوەندی هەیە. چونکە زۆربەی حوکمەکان دەگۆڕێن بە گۆڕانی داب و نەریت و بەرژەوەندی.

٣. تێ گەیشتنی دروست لەو پەیوەندیەی نێوان مەبەستەکانی شەریعەی ئیسلام دا هەیە لەگەڵ پێداویستیەکان و ئەرکەکانی ژیان.

چونکە زۆربەی ئایەتەکان ٩٥% پەیوەندی بە سیستەمی وڵات، ئابوري، رامیاری، بەڕێوەبردن، بەهاو رەوشەکانە، وە ٥% ئایەتەکانی قورئان باسی حوکمەکانی نوێژ و رۆژو، زەکات ، حەج دەکات.

وە بەکورتی (٣) مەرجی داناوە بۆ مجتهد[٥٤]:

١- زانینی گیان و ناخی شەریعەت بەشێوەیەکی رێك.
٢- تێ گەیشتن لە ژیان و پێداویستیەکان.
٣- تێ گەیشتن لە پەیوەندی نێوان مەبەستەکانی شەریعەو ژیان و پێداویستیەکانی بە شێوەیەکی باش.

بەڵێ ئێستا زانایان جیاوازیان کردوە دەربارەی مەرجەکانی ئەو کەسەی مجتهدە لە هەموو بابەتەکان وە ئەو کەسەی مجتهدە لە بابەتێك بەتەنها. لەبەر درێژی بابەت باسمان نەکرد.

هەروەها ئەو کەسەی اجتهاد بۆ خۆی دەکات وە ئەو کەسەی بۆ خەڵك دەکات تاکو حوکمی شەرعیان بۆ بدۆزێتەوە.

٤-٢-٢ پرۆژەی د. زەڵمی بۆ پێگەیاندنی (مجتهد)

لەبەر گرنگی اجتهاد لە بارودۆخی ئەمڕۆ وە لەبەرئەوەی لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلام خوێندن چ لە قوتابخانە ئاینیەکان چ لە کۆلیجەکان، چ ئەوانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا وەردەگرن لە زانستە ئیسلامیەکان زۆربەیان شایستەی ئەوە نین ببن بە مجتهد.

وە لەبەر ئەوەی اجتهاد کردن (فرضي کفایة) بۆ ئەوەی لەبەرپرسیاریەتی رزگاری بێت پێ ویستە لە هەموو وڵاتێکی موسڵمان پەیمانگایەك هەبێت بۆ پێگەیاندنی مجتهد (معهد تأهیل المجتهدین).

بۆ ئەم مەبەستە د. زەڵمی دەفەرموێ پێویستە لەم پەیمانگایە ئەم خاڵانە رەچاووو بکرێت:

١. مەرجەکانی وەرگرتن لەم پەیماگەیە (شروط القبول).
أ- هەڵبژراوەکە یەکي لە پێنج یەکەمەکەی کۆلیجەکانی شەریعەو زانستە ئیسلامیەکان بێت.
ب- پێ ویستە لە خێزانێکی پابەند بە بەها ئیسلامیەکان بێت.
ج- وە ناسراوبێت کە خاوەن بیرو هۆشێکی نەرم و نیانە.
د- توانای شیکردنەوەو دەرهێنانی ئەنجامەکان و لێکدانەوەی هەبێ.
ە- دەمارگیر نەبێت بۆ هیچ مەزهەبێك یا گروپێك.

٢. ماوەی خوێندن (مدة الدراسة):
أ- نابێت لە پێنج ساڵ کەمتر بێت، ئینجا دوایی بڕوانامەی دکتۆرای پێ ببەخشرێت.
ب- چەندین خول بکرێتەوە بۆ بەیەك گەیشتنی قوتابیانی پەیمانگاکان بۆ هەموو وڵاتانی ئیسلام بۆ فێربونیان لە شێوەی گفتوگۆ کردن و گۆڕینەوەی بیروڕاو مەشق کردن لەسەر شیکردنەوەو دەرهێنانی دەرەنجامەکان.

٣. ناردنە دەرەوەی قوتابیانی پەیمانگا بۆ وڵاتە پێش کەوتوەکان لە جیهان دا بۆ شارەزابونیان لە چۆنیەتی بەڕێوە چونی ئەم وڵاتانە لە رووی یاسا دانان و چۆنیەتی دادگایی کردنیان لە دادگا وە سود وەرگرتن لەو شتانەی کە دژایەتی لەگەڵ شەریعەی ئیسلام ناکەن.
٤. پڕۆگرامی خوێندن لەم پەیمانگەیە ( المواد المنهجية في المعهد):
١- زانستە ئاینیە ئیسلامیەکان (أصول، الفقه، المنطق، النحو، الصرف، البلاغة، الفلسفة) هەروەك چۆن لە رابردو بایەخیان پێ دابو.
٢- خوێندنی رێسا فقهیەکان (القواعد الفقهية) گشت ئەو مەذهەبانەی نوسراون.
٣- خوێندنی ئەو بابەتانەی ناکۆکی فقهی لەسەرە لە نێو مەذهەبەکان (فقە المقارن) بەشي کردنەوەو لێك دانەوەو هەڵ بژاردنی رای گونجاو.
٤- خوێندنی مێژوی فقە و بنەماکانی هەموو مەذهەبەکان لە ئیسلام (أصول المذاهب).
٥- خوێندنی دەقەکانی گرنگترین یاساکان لە جیهانی موسڵمانان و نا موسڵمانان بۆ تێ گەیشتنی شەریعەت و ژیان و سود وەرگرتن لەو یاسایانەی کە دژایەتی ناکەن لەگەڵ شەریعە.
٦- راهێنان و مەشق کردنی قوتابیان لەسەر بابەتە نوێیەکان ـ کە لە قورئان و سونەت باسي نەکراوە وە دۆزینەوەی چارەسەریان.

٣-٢-٤ چەند تێ بینیەك لەسەر پرۆژەی د. مصطفى زەڵمی

خودا پاداشتی د. زەڵمی بدات بۆ ئەم پرۆژەیەی، چونکە لە راستی دا ئەم جۆرە پەیمانگانە بۆ ئەم چەرخە زۆر زۆر پێ ویستە لە هەموو وڵاتێکی موسڵمانان پەیمانگەیەك بۆ ئەم مەبەستە هەبێ.

لە بەرئەوە داوا لە دەسەڵات داران و کاربەدەستان و خێر خوازان و خەم خۆری موسڵمانان و ئاینەکەیان دەکەم، هەوڵ بدەن بە هەمویان ئەم پرۆژەیە (پەیمانگای پێ گەیاندن بۆ مجتهدانی فقەی ئیسلام) دروست بکەن.

بەڵام پاش خوێندنەوەمان بۆ پرۆژەکە چەند تێ بینم هەیە:

١- ئەبێ لێژنەیەکی تایبەت لە پسپۆڕان پێك بێت بە بەشداری زۆرێك لە پسپۆڕانی زانکۆکانی جیهانی ئیسلام و رێکخراوی نێودەوڵەتە ئیسلامیەکان بۆ رێك خستنی و چۆنیەتی دروست کردنی ئەم جۆرە پەیمانگایە.[٥٥]
٢- مامۆستا لە پرۆژەکە تەنها باسی قوتابی و منهج و چۆنیەتی وەرگرتنی قوتابیانی کردوە، زۆر شتی تر هەیە باسی نەکردوە، بە کورتی ئەمانەی خوارەوە:

أ- باسی مامۆستایانی ئەم پەیمانگەیەی نەکردوە، ئەمە زۆر گرنگە ئەبێت باشترین و چاکترین مامۆستا دابین بکرێت بۆ وانەوتنەوە چ لە رووی زانست و لێ هاتویي، وە چ لە روی خوا پەرستی و باوەری و خورەوشتی بەرز، وە بێ لایەنی، وە لێژنەی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە مامۆستایانی وانەبێژ پاڵێوراو بکات.

ب- لەم پرۆژەیە بۆ پرۆگرامی خوێندن تەنها بایەخی بە زانستە شەرعیەکان و یاساکان داوە ئەبێ شان بەشانی بابەتە شەرعیەکان ئەم بابەتانە بخوێنرێ: زانستی دەرون ناسی، کۆمەڵگا، ئابوری، سیستەمی وڵات، سیستمی دارایي (النظام المالي) ... هتد.[٥٦]

ج- هەروەها چەند بایەخ بە زانستەکانی ئامرازی (العلوم الالية) ئەدرێت وەك نحو و صرف ....، بەهەمان شێوەی بایەخ بە زانستی ئامرازی نوێ بدرێت ( کۆمپیوتەر، ئنتەرنێت، ...) چونکە ئەمڕۆ ئەم جۆرە زانستە زۆر گرنگە بەتایبەتی بۆ (مجتهد) دەتوانی بە ماوەیەکی زۆر کەم پەیوەندی بکات بە هەموو جیهان وە چەندەها سەرچاوەی بەنرخ بخوێنێتەوەو سودیان لێ وەرگرێت.

د- باسی شوێن و پێداویستیەکان و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی نەکردوە، زۆر گرنگە پلانێکی تۆکمە دابنرێت بۆ دروست کردنی ئەم پەیمانگەیە، شوێنێکی فراوان وە هەموو پێداویستیەکانی تیابێ. وە شوێنی حەوانەوەی قوتابی واباشە هەر لە ناو پەیمانگە یان نزیك بێت، هەروەها بودجەیەکی تایبەت پێ ویستە بۆدابین کردنی پێویستەکانی ئەم پەیمانگەیە لە پەڕتوکخانەو ئامرازی کۆمپیوتەرو ئنتەرنێت و...هتد. وە ئەم شتانە هەمووی هەبێت بە یارمەتی گشت وڵاتان و خێرخوازان بێت.

٤-٣ حوکمی تەڵاقی سێ بە سێ یان پەیوەست بە ژمارە

یەکێک لەو بابەتانەی کە دکتۆر زەڵمی دەورێکی باڵای هەبوو، بۆ گەڕانەوەی چەندین خێزان لە وڵاتەکەمان وە چارەسەرکردنی کێشەکانیان وە نەهێشتنی تێکچوونی شیرازەی خێزان، ئەوەیە دکتۆر زەڵمی لە حوکمی بابەتی تەڵاقی سێ بە سێ یان بەژمارە پێچەوانەی هەر چوار مەذهەب و لێژنەی باڵای فەتوای کوردستان و زۆربەی زانایانی کوردستانە کە دەڵێن؛ تەڵاقی سێ بە سێ هەرسێ تەڵاق دەکەوێت بەڵام ئەو دەڵێت تەنها یەک تەڵاق دەکەوێت، وە زۆر بە وردی و بەدرێژی لە چەندین پەڕتوکەکانی خۆیو وانەو وتارەکانی بەچەندین بەڵگەی قورئان فەرمودەکانی پێغەمبەرو رێساکانی فیقە و اصول بیرو بۆچونی خۆی رون و ئاشکرا کردوە وەبەرپەرچی ئەو ئەو زانایانەی کردوە کە دەڵێن تەڵاقی سێ بە سێ هەرسێ تەڵاقی دەکەوێت.[٥٧]

د. زەڵمی وتویەتی ئەمە تەنها رای من نیە بەتەنها بەڵکو بیروبۆچونی زۆرێک لە زانایانی کۆن و سەردەمی ئێستا ئاشکرا دەکەم مەبەستم پاراستنی ژیانی چەندان ملیۆن کەسە کە بەهۆی ئەم جۆرە تەڵاق دانە ژیانی هاوسەریان لە خۆیان و مناڵانیان تێک ئەچێت.

بەکورتی هەندێک لە بەڵگەکانی د. زەڵمی باس دەکەم:

١- خوای گەورەو پەروەردەگار لە قورئاندا تەڵاقی بۆ سێ کەڕەت (جار) دابەش کردووە ئەمەش بۆ ئاسودەیی مرۆڤەکانەو بۆ پاراستنی پرۆسەی هاوسەرگیری هەروەها رەچاوکردنی بەرژەوەندی خێزان. بەڵام زۆر خەڵک لەم راستیەیان لایان داوە، وە هەرسێ تەڵاقیان پێکەوە کۆ کردەوە بە یەکجار. هەر لەبەر ئەوە پێشەوا عومەر خوا لێ ی رازی بێت لەسەردەمی خۆی بریاری دا هەر کەسێک (٣) سێ تەڵاق بە یەکجار بدات ئەوە بە سێ تەڵاق بۆی هەژمار دەکرێت وەک سزاو تەمەییەک. چونکە خوا ویستویەتی پرسی تەڵاق بە سێ جار بێت کەچی ئەو کەسانە بەیەک جار هەر سێ تەڵاقەکەیان کۆدەکەنەوە، ئەوانە بە پێچەوانەی ویست و فەرمانی خوا کاردەکەن.

٢- خوای گەورە دەفەرموێت ((الطَّلَاقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ)).[٥٨]

قورئان لەم ئایەتە بە رون و ئاشکرایی باسی سێ جار دەکات و دروست نیە راڤەکردنی بە سێ ژمار، لە نێوان جار (مرة) و ژمارە (عدد) جیاوازیەکی روون هەیە. لە نێوان دوجار (مرتين)دا بەشێک کات هەیە بەپێچەوانەی دووان (أثنين) یاخود دوو ژمارە (عددين).[٥٩]

دەقی (الطلاق مرتان) بەشێوەیەکی یەکلا کەرەوە (قطعی) مانای ئەوە دەگەیەنێت (مرتان) دووجارە، زانایان هاوڕان لە کاتی بوونی دەق هیچ بوارو رێگایەک نیە بۆ ئیجتهادکردنی.[٦٠]

٣- فەتوا دان یاخود بڕیار دان بە خستنی سێ تەڵاق بەجارێک بۆ ژن و مێرد سەختی و بێ هیوایی تێدایە دەبێتە مایەی روخاندنی کۆشکی هاوسەریەتی ژیان و وێران کردنی لەیەک سات لە ساتەکانی ژیان کارێکی نەشیاو نابەجێ یە. ئەم بڕیارانە ناگونجێ لەگەڵ بڕیاری ئایەتی خوا کە دەفەرموو ((يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ))[٦١]، چونکە خوا هەردەم ئاسان کاری دەوێ، دەیەوێ خەڵک لەخۆشی بی نایەوێ زەحمەت و خەڵک لە ناخۆشی بێت.

٤. ئەو زانایانەی ئەمڕۆ فەتوا ئەدەن بەوەی کە تەڵاقی سێ بە سێ هەرسێ تەڵاقەکەی پێ دەکەوێت پێچەوانەی گشت یاساکانی جیهانی ئیسلامی و یاسای باری کەسایەتی ئەو وڵاتانەن کە تیادا دەژین کە هەموویان هاوڕان کە تەنها یەک تەڵاق دەکەوێت.

ئەمەش لە کاتێک دا یەکێک لە رێسا ئوصولیە گشتیەکان کە زانایان لە سەری کۆکن ئەوەیە (حکم القاضی یرفع الخلاف) ئەگەر دادوەر بە بۆچونێک لە بۆچونەکانی زانایان لە بابەتێک دا کە رای جیهانی لەسەر حوکمی کرد، ئەوە پێ ویستە کار بەو بڕیارەی دادوەر بکرێت ئەوە را جیاییەکان لادەبات.(٦٢)

٥. د. زەڵمی دەڵێت زۆربەی ئەو زانایانەی کە دەڵێن هەرسێ تەڵاقی دەکەوی بە جارێک کار بەفەتوای پێشەوا عومەر خوا لێ رازی بێت دەکەن، ئەویش ئەو فەتوایەی لە کاتی خۆی دا بۆ بەرژەوەندی گشتی وە هێنانەدی مەبەستێک، بەڵام ئەم بەرژەوەندی و مەبەستە ئەمڕۆ نایەتەدی بۆیە ئەگەر خوا وابکات پێشەوا عومەر ئێستا بگەڕێتەوە کاتێک بەم شێوەیە دەبینی خەڵک چۆن تەڵاق ئەدەن وە دەرەنجامەکان چین ئەوە گومان نیە لە فەتوای خۆی پەشیمان دەبێتەوە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو حوکمەی لەسەردەمی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت وە لەسەردەمی أبوبکر و دوو ساڵ لە سەردەمی ئەوە.

هەروەها لەبەرئەوەی زۆربەی یاساکانی وڵاتانی موسڵمان ئەم رایەیان کردوە بەیاسا کە لەم جۆرە بابەتە تەنها یەک تەڵاق دەکەوی – بەپێ ی رێساکانی ئوصول وفقهی پێ ویستە لەسەر زانایان کار بەم یاسایە بکەن چونکە لەبەرژەوەندی خێزان دایە.

ئەگەر بەوردی رای گشتی زانایان بخوێنینەوە دەربارەی تەڵاقی سێ بەسێ بۆمان دەردەکەوێت ئەو رایەی د. زەڵمی هەڵیبژاردوە زۆر گونجاوە بۆ ئەم سەردەمە کە رای ابن تیمیە وابن قیم(٦٣) و زۆرێک لە زانایانی هاوچەرخە، چونکە کەوتنی هەرسێ تەڵاق بەجارێک هیچ دەرگایەک ناهێڵێتەوە بۆ گەڕانەوەی خێزان بۆ لای مێردەکەی تەنها بەوە ئەبێ ئەم ژنەی کە (٣) بەسێ تەڵاق دراوە دوای تەواو بونی عدەی ئەبێ شوبکات بە مێردی تر ئینجا ئەویش ئەگەر تەڵاقی دا دوای عدە مێردی پێشوی دەتوانێ بیگەڕێنێتەوە بەمارەیەکی تازە، وە ئەمەش زۆر زەحمەتە وە هەموو پیاوێک بەم جۆرە گەڕانەوە رازی نابێ ئەوەش دەرگای (مارە بەجاش کردن) دەکاتەوە، کە حەرامە وە کارێکی قێزەونە.

هەروەها دەرئەنجامی زۆر خراپی تەڵاق دروست دەبێت چ بۆ ئەم ئافرەتە تەڵاق دراوە چ بۆ مێردو پیاوەکە کە نایەوێت وە پەشیمانە لەوەی ژنەکەی بەم شێوەیە لێ جیابێتەوە خۆ ئەگەر منالیان هەبێت ئەمە دەرەنجامەکانی یەکجار خراپە بۆ بۆ منالەکان و دایک و باوک و خزم و کەسەکان پەیدا دەکات، وە ئاشکرایە ئیسلام رەحمەتەی زەحمەت نیە.

لەبەر ئەوە د. زەڵمی داوا لە زانایان بەتایبەتی لێژنەی فەتوای کوردستان دەکات کە کار بە ڕای ئەو بکەن بگەڕێنەوە سەر قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر درودو سەلامی خوای لەسەر بێت، هەرسێ طلاق بەیەك جار (هەر یەك طلاق) ئەژمار بکەن.

٤-٤ چۆنیەتی زانینی حوکمی شەرعی بۆ ئەو بابەتانەی کە نوێن وە دەقیان لەسەر نەهاتووە (المسائل المستجدة والتی لا نص فیها).

ئاشكرایە قورئانی پیرۆز بۆ گشت بابەتەكان بەدرێژی باسی وردەكاریەكانی نەكردوە بەڵكو تەنها چەندەها ڕێسای گشتی و بنەما سەرەكی تیایە كە هانی زانای لێهاتوو (مجتهدەكان) دەدات بۆ زانینی حوكمە شەرعیەكان لە بابەتە تازەو نوێ یەكان ژیرو هەست بەكاربهێنێت وە لە چوارچێوەی ڕەوشتەكانی قورئان دەتوانن بەهۆی ئەم ڕێساو بنەما سەرەكیانە حوكمی شەرعی بزانن بۆ گشت بابەتی نوێ و تازە.

ئینجا د. زەڵمی لە ژێر ئەم ڕێساو بنەما گشتیانە دەفەرموێ بۆ زانین و دروست و نادروستی (حەڕام و حەلال) هەر شتێک دەتوانین تەنها بگەڕێینەوە بۆ ئەم دوو ڕێسایەی فقهی زیاتر نا[٦٤]:

١- هەر شتێک سودو كەڵكی هەبێت بۆ مرۆڤ ئەمە دروستە (حلالە) بەمەرجێک ئەم كەڵک و سودە نەبێتە زیان دان بەخۆی یان كەسانی تر.

٢- هەر شتێک خراپەو زیانی هەبێت ئەمە نا درستەو قەدەغەیە (حەڕامە) ئەگەر ئەم زیانە سودو بەرژەوەندی گشتی تیا نەبێ.

دوای خویندنەوەمان بۆ بابەتەكە. د. زەڵمی بنچینەی ئەم دوو یاسایە لەچەندین دەقەكانی قورئانی پیرۆز و چەندین ڕێسای فقهی دەرهیناوە. د. زەڵمی دەفەرموێ: ئەم قورئانە نەهاتوە تەنها بۆ سودو بەرژەوەندی ئادەمیزاد نەبێ وەک لەم دەقانەی خوارەوە.

١- خوا دەفەرموێ (( وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ)) [٦٥]

د. زەڵمی دەڵێت: مەبەست لەناردنی پێغەمبەرمان محمد درودو سەلامی خوای لەسەربێت هەروەک گشت پێغەمبەرانی تر تەنها بۆ هێنانەدی ڕەحمەتە كە هێنانی هەموو بەرژەوەندی و سودێک و لابردنی هەموو زیان و خراپەیەک دەگریتەوە.[٦٦]

٢- فەرموده خوا ((يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ قُلْ فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَا أَكْبَرُ مِنْ نَفْعِهِمَا)).[٦٧]

د. زەڵمی دەفەرموو ئەم ئایەتە تەنها بەڵگە نیە لەسەر حەڕام كردنی مادە هۆشبەرەكان بەڵكو هەموو شتێک دەگرێتەوە كە زیانەكەی زیاتر بێت لە قازانج و سودەكەی وە ئەمە دەبێتە یاسایەكی گشتی بۆ هەموو مجتهدەكان. ئەوەش لە جۆری قیاس كردن نیە وەک هەندێک كەس وا گومان دەبەن چونكە هۆیەكە بەدەق ئاماژە كراوە (العلة المنصوصة).

د. زەڵمی دەڵێت لە قورئان سەدەها ئایەت هەن كە ئاماژە بەوەدەكەن مەبەست و ئامانج لە حوكمەكانی خوا بۆ بەرژەوەندی خەڵكە.[٦٨]

هەروەها د. زەڵمی بۆ ئەم دوو ڕێسایە سودی وەرگرتوە لە چەندین ڕێسای فقهی وەک (الأصل فی المضار التحريم)[٦٩]، وەهەروەها ڕیسای (الأصل في المنافع الأباحة) وە هەروەها ڕێسای (المصلحة أساس تشريع الاحكام و تعديلها وإلغائها)[٧٠]، ئەر لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ڕێسایانە د. زەڵمی چەندین تۆژینەوەی كردوە بۆ دیاری حوكمی شەرعی بۆ بابەتە تازەو نوێ یەكان وەک:

حوكمی جگەرە كێشان، خەتەنەكردنی مێینە (ختان الإناث)، لەناو بردنی كۆرپەلە (الاجهاض)، سنوردانان بۆ منداڵ بوون و نەهێشتنی منداڵ بوون و چەندین تۆژینەوەی پزیشكی.[٧١]

بەم جۆرە دەركەوت پێوەری حەلال و حەڕام (دروست و نادروست) لە ئیسلام سودو زیانە، هەر شتێک سودو قازانجی هەبێ دروستە وە هەر شتێک زیانی هەبێ نادروستە[٧٢]. هەروەها هەر شتێک زیانی زیاتر بێت لە سودو قازانج قەدەغەو حەڕامە، وە هەر شتێک سودو قازانجی زیاتر بێت لە زیان دروستە. هەروەها ئەگەر زیان و سود وەک یەک بوون ئەوە قەدەغەو نادروستە، چونكە لابردنی زیان لە پێش هێنانی سود و قازانج دایە.[٧٣]

هەر بەم شێوەیە زانای بەناویانگ لەعز کوڕی عەبدول سەلام وتویەتی (شەریعە هەمووی بریتیە لە بەرژەوەندی، یان خراپەیەک لا دەبات یان چاکەو سودێک دەهێنێ. هەر کاتێک گوێت لێ بوو خوا بفەرموو {یا أیها الذین آمنوا} بیربکەوە لە دوای بانگ وازی خوا تەنها داواکاری چاکەو سودت لێ دەکات یان داوا دەکات خۆت بپارێزی لە خراپەو زیانێک.[٧٤]

## ٥- کۆتایی تۆژینەوە

### ٥-١ دەرەنجامەکان

پاش خوێندنەوەم بۆ چەندین پەڕتوک و تۆژینەوەکانی د. زەڵمی خوا لێ خۆش بێت گەیشتم بە چەندین دەرەنجام بەکورتی باسی هەندێکیان دەکەم.

١ـ د. مستەفا زەڵمی خوا لێ خۆش بێت بەیەکێک لە زانا شەرع زان و یاسا ناس و ماندونەناسی موسڵمانانی هاوچەرخ لە کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت. کە هەموو ژیان و تەمەنی خۆی تەرخان کردبوو بۆ خزمەت کردنی ئاین و زانست، چەندین بڕوانامەی ئەکادیمی لە هەردوو بواری شەریعەو یاسا وەدەست هێناوە.

٢ـ د. زەڵمی لە یەکێک لە داهێنەرانی قوتابخانەی بەراوردکاری نێوان خوێندنی شەریعەتی ئیسلامی و یاسای دەست کرد دادەنرێت چونکە شارەزایەکی تەواوی لە هەردوو زانست هەبوو، هەوڵی زۆری داوە ئەو بۆشایەی نێوان شەرع زان و یاسا ناسان هەیە پڕ بکاتەوە، لەسەر رێگای شەریعەت خزمەتی یاسا بکات وە لە رێگای یاسا خزمەتی شەریعەت بکات.

٣ـ کەسایەتی د. زەڵمی زۆر بەروونی لە نوسینەکانی دەردەکەوێت، زۆر بەوردی و بە بەڵگە رای زانایانی لە بابەتەکانی باس دەکات و راو بۆچونی خۆی بەڕاشکاوی دەڵێت بەبێ دوو دڵی و نەترسان لە لۆمەی خەڵک وە پابەندنەبون بە مەذهەبێک لە مەذهەبەکان وە بەبێ دەمارگیری گفتوگۆی لەسەر رای زانایان کردوە.

٤ـ د. زەڵمی لە رێگای نوسینەکانی خزمەتێکی زۆری وڵات و کۆمەڵگای خۆی کردوە. هەوڵی داوە چارەسەری زۆرێک لە کێشەکان بکات کە بەهۆی رای جیاوازی زانایان خەڵک تووشی گیروگرفت و کێشە بووە، بۆ نمونە لەو چەند باسەی ئەم تۆژینەوە د. زەڵمی هەوڵی داوە چارەسەری ئەم کێشانە بکات:

أ- تەڵاقی سێ بەسێ کە زۆربەی زانایان پێیان وابوو هەر سێ تەڵاق دەکەوێت، د. زەڵمی زۆر بەجوانی سەلماندویەتی تەنها یەک تەڵاق دەکەوێت. بەم رایەی دکتۆر چەندەها خێزان و مناڵ رزگار دەبێت.

ب ـ بابەتی چەندین ژنی، کە زۆرێک بەرەواو سونەتی دادەنێن، د. زەڵمی پێ ی وایە بەبێ پاساوی شەرعی و مەرجەکان دروست نیە لەیەک ژن زیاتر بهێنی بۆ ئەوەی کێشەی خێزان و مناڵان پەیدا نەبێت.

ج ـ د. زەڵمی پێ ی وایە ئەبێ لە هەموو وڵاتێک مجتهد (زانای شەرع ناسی بەرز) پەیدا بکرێت بۆ ئەوەی بتوانن فەتوا بدەن بۆ گشت بابەتە شەرعیەکان. لەبەرئەوە داوا دەکات لە هەموو دەوڵەتێک (پەیمانگەی پێگەیاندنی مجتهدەکان) هەبێت بۆ ئەم مەبەستە پرۆژەی داناوە.

دـ د. زەڵمی داوا لە شەرع زانان دەکات بۆ ئەو بابەتە نوێ یانەی کە لە قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر درودو سەلامی خوای لەسەر بێت باس نەکراوە بگەڕێنەوە بۆ ئەم دوو رێسایە:

١ـ هەر شتێک قازانجی زیاتر بێت لە زیان و زەرەر ئەوە دروست و رەوایە.

٢ـ هەر شتێک زیان و زەرەی زیاتر بێت لە سودو قازانج ئەوە حەرامەو قەدەغەیە.

٥-د. زەڵمی لە زۆر بابەتەکانی فیقهی و ئوصول چەند راسپاردەو پێشنیاری کردوە بۆ دەسەڵات داران و کاربەدەست و زانایان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

لە کۆتایی هەرچەندە زانایەکی زۆر ستایشی د. زەڵمی دەکەن لەبەر ئەو هەوڵ و تێ کۆشانەی کە داویەتی لەبەر پلەو پایەی و زیرەکی بەڵام ئەبێ ئەمەش بڵێین:

د. زەڵمی بێ گومان بێ خەوش و هەڵە نیە چونکە ئەوەی ئادەمیزادە بێ هەڵە نابێت لە خواو پێغەمبەر بترازێ بە تایبەتی لە هەندێک بابەت کە زۆر پشتی بە بەڵگەی ژیری (عقلی) بەستوە لەکاتێک دەق هەبوو بێت.

## ٥-٢ پێشنیارەکان

١پێشنیار دەکەم لێژنەیەک پێک بێت لە پسپۆرانی شەرع و یاسا بۆ پێداچونەوەو خوێندنەوەی ئەو پێشنیارو راسپاردانەی د. زەڵمی وە بەرزکردنەوەی ئەو پێشنیارانەو رایان بۆ دەسەڵات و کاربەدەستانی وڵات بۆ ئەوەی ببێتە باری جێ بەجێ کردن.

٢- داوا دەکەم لە کۆلێژەکانی یاساو شەریعە راسپاردەکانی د. زەڵمی جێ بەجێ بکەن بەتایبەتی لە پرۆگرامی خوێندنیان هەروەها هانی قوتابیان بدەن بۆ ئەوەی تۆژینەوە لەسەر بابەتەکانی د. زەڵمی بنوسن.

٣- پێشنیار دەکەم لێژنەیەک پسپۆرانی شەریعەو یاسا پێک بێت بۆپێداچوونەوەی گشت نوسینەکانی د. زەڵمی وە لابردنی زۆرێك لەو بابەتانەی دوبارە بوینەوە لە پەرتوکەکانی بەمەش ژمارەی بەرگەکان (مجلد) زۆر کەم دەبێتەوە. هەروەها گەڕانەوەیان بۆ سەرچاوەکان بۆ لێ کۆڵینەوە لە راستی و دروستی دەقەکانی فەرمودەکانی پێغەمبەر درودو سەلامی خوای لێ بێت، چونکە زۆرێک لە فەرمودەکان سەرچاوەی نەنوسراوە بە شێوەیەکی زانسی.

٤- داوادەکەم لە وەزارەتە پەیوەندی دارەکان بەتایبەت (پەروەردە، خوێندنی باڵاو ئەوقاف، داد) خوێندەوە بکەن بۆ راسپارەدەکانی د. زەڵمی وە بخرێتە بواری جێ بەجێ کردن.

٥- پێویستە لەسەر زانکۆکان رەچاوی راسپاردەو پێشنیارەکانی د. زەڵمی بکەن بە تایبەتی کاتێک تۆژینەوەیەکی بەراوردکاری نێوان یاساو شەریعەت، یا شەریعەت و یاسا دەنوسرێت بۆ ماستەرنامە یان دکتۆرا.

پێ ویستە قوتابی توێژەر شارەزایی لە هەردوو بوار یاسا و شەریعەت هەبێ لەم بابەتەی لەسەری دەنوسی. هەروەها (٢) دوو سەرپەرشتیاری هەبی یاسایی و شەرعی، هەروەها لە لێژنەی گفتوگۆی توێژەر ئەندامەکانی لێژنەی لە هەردوو پسپۆری شەرعی و یاسایی تیابێت، گەر نا تووشی هەڵە دەبن,

وصلی الله علی سیدنا محمد وعلی آله وصحبه وسلم.

## پەراوێزەکان:

١- بروانە: د. مصطفی الزلمي وآراءه الاصولیه والقانونیة: مدیحه صالح مهدي، سنه ٢٠١٣، ط بغداد. ص١١/ بروانە کاروانی ژیانم لاپەرە ١٠١.
٢- بڕوانە: ژیان و بیروراکانی د. مستەفا زەڵمی، عبداللە أحمد ئاوایی، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٧، لاپەڕە ١٢.
٣- بڕوانە: جهود الدکتور مطفی الزلمي و منهجه في الدراسات القرآنیة، عبدالله أحمد آوایي، ط. ٢٠١٨ مطبعة حمدي، السلیمانیه.
٤- بڕوانە: ژیان و بیروراکانی د. زەڵمی، عبداللە أحمد ئاوایی، لاپەڕە ١٣.
٥- بڕوانە: مقالەی زەین الدین أحمد، لەسەر ژیانی د. زەڵمی، گۆڤاری برایەتی، بەرواری ٢٠١٦/٨/٣.
٦- بۆ تەماشا کردنی ناونیشانی ئەو نامەو تێزانە کە دکتۆر سەرپەرشتیاری گفتوگۆکە کردون بڕوانە: د. مصطفی الزلمي و آراءه الاصولیه والقانونیه، مدیحه صالح مهدي، لاپەڕە٢٢-٣٠. ؛ هەروەها جهود الدکتور مصطفی الزلمي و منهجه في الدراسات القرآنیه، عبدالله أحدم آوایي، لاپەڕە ١٠٧.

٧- جهود الدكتور مصطفى الزلمي، سەرچاوەي پێشتر، لاپەڕە ٦٦.
٨- بروانە سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٨٢ بۆ ناوی مامۆستاو قوتابیانی.
٩- بروانە: د. مصطفى الزلمي و آراءه، مديحه صالح مهدى، لاپەڕە ٣١؛ هەروەها جهود الدكتور مصطفى الزلمي ومنهجه في الدراسات القرآنيه، عبدالله أحمد آوايي، لاپەڕە ١٠٧ ١١٥.
١٠- بروانە كاروانی ژیانم، د. زەڵمی
و بروانە جهود د. مصطفى الزلمي ونهجه في الدراسات القرآنيه، عبدالله أحمد آوايي، لاپەڕە ١١٧.
١١- سورة البقرة، آية ٢٦٩.
١٢- بروانە: ژیان و بیروراكانی د. زەڵمی، عبدالله أحمد آوایی، لاپەڕە ١٠٩.
١٣- بروانە: كاروانی ژیانم، د. مصطفى زەڵمی، لاپەڕە ١٣٢.
١٤- بروانە: المدخل لدراسه الشريعه الاسلاميه، د. الزلمي، مقدمه الكتاب.
١٥- بروانە: ژیان و بیروراكانی د. زەڵمی، عبدالله أحمد آوایی، لاپەڕە ٧١.
١٦- بروانە: وتەی د. محمد على قرداغی ە پەڕتوكی ژیان و بیروراكانی د. زەڵمی، عبدالله أحمد آوایی، لاپەڕە ٧٥.
١٧- بروانە: ژیان و بیروراكانی د. زەڵمی، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٦٣.
١٨- بروانە: أصول الفقه الاسلامي: د. مصطفى الزلمي، ص٢٦. هەروەها مجموعه الابحاث القانونيه: د. مصطفى الزلمي، ص٤٣.
١٩- بروانە: راڤەی سورەتی (العصر) لە تفسیری ابن كپیر، دار الفكر، بیروت، ١٤٠١ هـ، ٤٨٠/٨٧.
٢٠- بروانە: حكم احكام القرآن، د. الزلمي، لاپەڕە ٥٠، هەروەها المبادئ الدستورية، د. الزلمي، لاپەڕە ٩٨.
٢١- بروانە: المبادئ الدستوريهة في القرآن، د. الزلمي، لاپەڕە ١٠٠ هەروەها أصول الفقه الاسلامي، د. الزلمي، لاپەڕە ٣٠، وە : حكم أحكام القرآن، د. الزلمي.
٢٢- خوای گەورە دەفەرموێ: (( إنما الصدقات للفقراء والمساكين والعاملين عليها والمؤلفة قلوبهم وفي الرقاب والغارمين وفي سبيل الله وابن السبيل/ فريضة من الله ، والله عليم حكيم))، سورة التوبة، آيه٦٠.
٢٣- سورەتی تەوبە، ئایەتی ١٠٣.
٢٤- بروانە: استراتيجية التنمية الشاملة والسياسات الاقتصادية، د. علي قرداغي، ط١ / ٢٠٠٢، لبنان، لاپەڕە ٧٨٥/٢.
٢٥-بروانە: استراتيجية التنمية الشاملة ، د. علي قرداغي، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٧٨١/٢.
٢٦-بروانە المدخل لدراسة الشريعة الاسلامية في نمط الجديد، د. الزلمي، ط٤، ٢٠٠٩، لاپەڕە ٩٤. هەروەها احكام حكم القرآن، د. الزلمي، لاپەڕە ٥٤.
٢٧- بروانە اصول الفقه الاسلامي، د. الزلمي، لاپەڕە ٧٤.. حكم أحكام القرآن، د. الزلمي، لاپەڕە ٥٦. هەروەها أسباب اختلاف الفقهاء فى الاحكام الشرعية، د. الزلمى، لاپەڕە ٤١١.
٢٨- بروانە: معين القچاة لتحقيق العدل والمساواة، د. الزلمي، لاپەڕە ١١٨. هەروەها المبادئ الدستورية، د. الزلمي، لاپەڕە ٢٣.
٢٩- بروانە: معين القچاة لتحقيق العدل والمساواة، د. الزلمي، لاپەڕە ١١٨. هەروەها المبادئ الدستورية، د. الزلمي، لاپەڕە ٢٣.
٣٠- بروانە اصول الفقه الاسلامي، د. الزلمي، لاپەڕە ٦١.
٣١- سورة ال عمران، آية ١٥٩.
٣٢- سورة الفرقان، آية ٥٩.
٣٣- بروانە: راڤەی هەردوو ئایەت لە (موسوعة النابلسي)، موقع النابلسي.
٣٤- بروانە: المسؤليهة الجنائية في الشريعة الاسلامية، د. مصطفى الزلمي، لاپەڕە ٣٩.
٣٥- بروانە اصول الفقه الاسلامي، د. الزلمي، لاپەڕە ١٦١.
٣٦- سورة الانبياء، آية ١٠٥، هەروەها بروانە المبادئ الدستورية، د. الزلمي، لاپەڕە ٣٩.
٣٧- تەفسیری ئاسان، بورهان محمد أمين، چاپی سێیەم، لاپەڕە ٣٣١.
٣٨- بروانە تفسیري ئەم ئایەتە لە موسوعەی نابلسی، ماڵپەڕی النابلسي.
٣٩- باوكی یوسف لە پەڕتوكی خراج گێراویەتەوە، بروانە : نص الرايه في تخريج احاديث فەرمودەكە لاوازە، ط ٤، ١٩٩٠، ١٦١/٦.
٤٠- بروانە المبادئ الدستورية في القرآن الكريم، د. الزلمي، لاپەڕە ١٠٥.
٤١- بروانە: مجموعه الابحاث القرآنية، د. زلمی، لاپەڕە ١٤.
٤٢- بروانە: موانع المسؤلية الجنائية، د. زەڵمی، لەسەرەتاكەی.
بروانە: المدخل لدراسة الشريعة الاسلامية، د. الزلمي، ط٤، ٢٠٠٩، أربيل، لاپەڕە ١١.
٤٣- بروانە: نظرية اللتزام برد غير المستحق، د. زەڵمی، لاپەڕە ٣٢١.
٤٤- بروانە : احكام الزواج والطلاق في الفقه الاسلامي المقارن، د. الزلمي، لاپەڕە ٢٤.
٤٥- سورة النساء- آية ٣.
٤٦- بروانە: تفسیری ئاسان، بورهان محمد أمين، لاپەڕە 7٧.
٤٧- بروانە : احكام الزواج والطلاق في الفقه الاسلامي المقارن، هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٤٨- بروانە: روائع البيان في تفسير آيات الاحكام، محمد على الصابوني، لاپەڕە ٤٢٦.
٤٩- تفسير الكبير للرازي، ١٧٢/٩، وەرگیراوە لە روائع البيان في تفسير آيات الاحكام، محمد على الصابوني، هەمان سەرچاوەی پێشو.
٥٠- بروانە: حیكمەتی حوكمە قورانیەكان، د. زەڵمی، وەرگێر وەزیر حمە سلیم، لاپەڕە ١٠٢.
٥١- بروانە جمع الجوامع للسبكي، علق عليه د. عبدالمنعم خليل، دار الكتب الحكمه، لبنان، لاپەڕە ١٨٨.
٥٢- بروانە: أصول الفقه في نسيجه الجديد، د. الزلمي، لاپەڕە ٤٧٣.
٥٣- بروانە: دلالات النصوص وطرق استنباط الاحكام، د. الزلمي، لاپەڕە ٣١٥.
٥٤- محاضرات د. الزلمي التي القاها على طلبهة دكتورا في قسم الثانوي الخاص بكلية القانون في جامعة صلاحالدين/ أربيل، سنة ٢٠٠٩.

٥٥- بڕوانە: التشريع الاسلامي والغزو القانون الغربي لبلاد الاسلام، د. ساجر ناصر الجبوري، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان، ط١، ٢٠٠٥، لاپەڕە ٤١٢.
٥٦- بڕوانە المدخل للفقه الاسلامي، د. حسن علي الشاذلي، دار الطباعة الحديث، ١٩٨٠، لاپەڕە ٤٣٧.
٥٧- بڕوانە: مدى سلطان الارادة فی الطلاق، د. زلمی، لاپەڕە ٢١٩ ٢٥٨؛ و أحكام الزواج والطلاق، د. زلمی، لاپەڕە ١٥٠؛ هاوسەرگیری و تەڵاق، د. زەڵمی، لاپەڕە٢٢٢؛ ژیان و بیروڕاكانی د. زەڵمی، عبدالله أحمد آوایی، لاپەڕە ٢٣٦ ٣٤٨.
٥٨- سورة البقره، ئایەتی ٢٢٩.
٥٩- بڕوانە: هاوسەرگیری و تەڵاق، د. زەڵمی، لاپەڕە ٢٢٤.
٦٠- بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٦١- سورة البقرة، ئایەتی ١٨٠.
٦٢- بڕوانە: أحكام الزواج والطلاق، د. زلمی، لاپەڕە ١٥٣.
٦٣- بڕوانە: أعلام الموقعين، ابن القيم و مجوعة الفتاوى، أبن تيمية.
٦٤- مجموعة الابحاث الطبية، لاپەڕە ١٧٠.
٦٥- سورة الأنبياء، ئایەتی ١٠٧.
٦٦- أصول الفقه الاسلامی، د. مصطفى زلمی، لاپەڕە ١٥٥.
٦٧- سورة البقرة، ئایەتی ٢١٩.
٦٨- أصول الفقه الاسلامی، د. مصطفى زلمی، لاپەڕە ١٥٥.
٦٩- بڕوانە: الابهاج فی شرح المنهاج للسبكی: ١٦٥/٣ و بحر المحيط للزركسی: ٨/٨.
٧٠- بڕوانە: إيضاح الفوائد فی شرح القواعد، د. الزلمی، لاپەڕە ٣٤١.
٧١- بڕوانە: مجموعه الابحاث الطبية، د. الزلمی، گشت توژینەوەكان لەسەر ئەم دوو ڕێسایە دامەزراندوە.
٧٢- بڕوانە: مجموعة الابحاث الطبية، د. الزلمی، لاپەڕە ٣٤.
٧٣- بڕوانە: مجموعة الابحاث الطبية، د. الزلمی، لاپەڕە ٤٤.
٧٤- بڕوانە قواعد الاحكام، للعز بن عبدالسلام، مكتبة الكليات الازهريه، القاهرة، ١٩٦٨م، ١١/١.

## سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی


١ـالأبهاج في شرح المنهاج للسبكي.
2- اعلام الموقعين عن رب العالمين، ابن قيم الجوزية، نشر مكتبة الكليات الأزهر.
3- أسباب أختلاف الفقهاء في الأحكام الشرعية، الدكتور مصطفى الزلمي، الطبعة الأولى، 2014 – 1435، دار نشر احسان، ايران طهران.
4- أسباب إباحة الاعمال الجرمية، الدكتور مصطفى ابراهيم الزلمي، الطبعة الاولى، 2014 1435، دار نشر احسان، ايران طهران.
5- إستراتيجية التنمية الشاملة والسياسات الاقتصادية، د. على قرداغي، الطبعة الاولى، سنة 2002، لبنان – بيروت.
6- أصول الفقه في نسيجه الجديد، د. مصطفى ابراهيم الزلمي، الطبعة العشرون، شركة الخنساء للطباعة، بغداد.
7- أحكام الزواج والطلاق في الفقه الاسلامي المقارن دراسة مقارنة بالقانون، الدكتور مصطفى ابراهيم الزلمي، الطبعة الاولى، 2014، دار نشر احسان للتوزيع والنشر، ايران – طهران.
8- إيضاح الفوائد في شرح القواعد على نمط الجديد، د. مصطفى الزلمي، الطبعة الاولى، 2013.
9- الاحوال الشخصية، محمد أبو زهرة، الناشر دار الفكر العربي، مطبعة مخيمرت، 1957.
10- التشريع الاسلامي والغزو القانون الغربي لبلاد الاسلامية، د. ساجر ناصرمحمد الجبوري، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان، الطبعة الاولى، سنة 2005م.
11- تفسير ابن كثير، دار البيروت، لبنان، سنة الطبع 1401 هـ..
12- حكم أحكام القرآن، د. مصطفى الزلمي، الطبعة الاولى، 2014 1435، دار نشر احسان، ايرانطهران.
١٣- جهود الدكتور مصطفى الزلمي و منهجه في الدراسات القرآنية، عبدالله ملا أحمد آوايي، الطبعة الاولى،20181439، مطبعة حمدي، السليمانية.

14- جمع الجوامع في أصول الفقه، تاج الدين عبدالوهاب بن علي السبكي، علق عليه ووضع حواشيه د. عبدالمنعم خليل أبراهيم، دار الكتب الحكمة، لبنان، الطبعة الرابعة، سنة 2013 م – 1434هـ .
15- دلالات النصوص وطرق استنباط الاحكام في ضوء الفقه الاسلامي، دراسة تحقيقة وتطبيقية، د. مصطفى الزلمي، الطبعة الثالثة ، أربيل، 2013.
16- روائع البيان في تفسير آيات الاحكام، محمد على الصابوني، مؤسسة مناهل العرفان، بيروت – لبنان، الطبعة الثالثة، 1983 م – 1410 هـ .
17- قواعد الاحكام، للعز بن عبدالسلام، مكتبة الكليات الازهرية، القاهرة، سنة الطبع ١٩٦٨م،
18- المبادئ الدستورية في القرآن الكريم مقارنة بالدساتير الوضعية، د. مصطفى ابراهيم الزلمي، الطبعة الاولى، سنة 2014، مطبعة رۆژهەڵات، أربيل.
19- المدخل لدراسة الشريعة الاسلامية في نمط الجديد، د. مصطفى الزلمي، الطبعة الرابعة، سنة 2009.
20- المدخل للفقه الاسلامي، د. حسن علي الشاذل، دار الطباعة الحديث، سنة 1980.
21- مجموعة الابحاث القانونية، ،الدكتور مصطفى ابراهيم الزلمي، الطبعة الأولى، 2014 – 1435، دار نشر احسان للنشر والتوزيع، ايران – طهران.
22- مجموع فتاوى ابن تيمية، طبع مكتبة المعارف، الرباط، المغرب.
23- مدى سلطان الارادة في الطلاق في الشرائع والقوانين والاعراف خلال اربعة الاف سنة، الطبعة الأولى، 2014 – 1435، دار نشر احسان للنشر والتوزيع، ايران طهران.
24- مجموعة الابحاث الطبية، الدكتور مصطفى ابراهيم الزلمي، الطبعة الاولى، 2014 – 1435، دار نشر احسان للنشر والتوزيع، ايران – طهران.
25- مجموعة الابحاث القرآنية، الدكتور مصطفى ابراهيم الزلمي، الطبعة الأولى، 2014 – 1435، دار نشر احسان للنشر والتوزيع، ايران – طهران.
26- مجموعة الابحاث الاجتماعية، الدكتور مصطفى ابراهيم الزلمي، الطبعة الأولى، 2014 – 1435، دار نشر احسان للنشر والتوزيع، ايران – طهران.
27- المسؤولية الجنائية في الشريعة الاسلامية دراسة مقارنة بالقانون، الدكتور مصطفى ابراهيم الزلمي، الطبعة الاولى، 2014 – 1435، دار نشر احسان، ايران طهران.
28- الدكتور مصطفى ابراهيم الزلمي وآراؤه الاصولية والقانونية، مديحة صالح مهدي، الطبعة الاولى، لسنة 2013 م – 1435 هـ ، بغداد العراق.
29- معين القضاة في تحقيق العدل والمساواة، د. مصطفى الزلمي، الطبعة الاولى، لسنة 2008، مطبعة منارة، أربيل.
30- موسوعة النابلسي، تفسير القرآن، موقع النابلسي.
31- موانع المسؤولية الجنائية في الشريعة الاسلامية والتشريعات الجزائية، د. مصطفى الزلمي، الطبعة الاولى، 2014 – 1435، نشر احسان للنشر والتوزيع، ايران – طهران.
32- منهاج الاسلام في مكافحة الاجرام، د. مصطفى الزلمي، الطبعة الثانية، 2011، مطبعة شهاب، أربيل.
33- نظرية الالتزام برد غير المستحق، د. مصطفى الزلمي، الطبعة الاولى، 2014 – 1435- دار نشر احسان، ايران – طهران.
34- نصب الراية في تخريج أحاديث الهداية، الطبعة الثانية، سنة 1990.

## سەرچاوەکان بەزمانی کوردی

35- ژیان و بیروڕاکانی د. مستەفا زەڵمی، عبدالله ملا ئەحمەد ئاوايي، چاپی یەکەم، ٢٠١٧ م – ١٤٣٨هـ ، چاپخانەی گەنج، سولەیمانی.

36- حیکمەتی حوکمە قورئانیەکان، پڕۆفیسۆر مستەفا زەڵمی، وەگێرانی: وەزیر حمه سلیم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٧.

37- هاوسەرگیری و تەڵاق لە فیقهی بەراوردکاری ئیسلامیدا، د. مستەفا زەڵمی، وەرگێڕانی: ریدار رؤوف ئەحمەد، چاپی یەکەم، ٢٠١٧، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات.

٣٨- کاروانی ژیانم، دکتۆر مستەفا ئیبراهیم زەڵمی، چاپی یەکەم، ٢٠١٤.

٣٩- تفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، بورهان محمد أمین، چاپی سێیەم.


## ملخص البحث


الحمد لله الذي يمن المسلمين جميعا أن يجعل في كل عصر و مجتمع و دولة علماء متمرسين و منبجرين في الفكر والعلم خلفاء للرسول صلى الله عليه وسلم لبيان و توضيح الأحكام الشرعية بصورة واضحة وإيجاد الحلول المناسبة لمشاكل المسلمين.

ففي العراق ومن أرض كوردستان ظهر أحد العلماء الذي ضحى كل عمره في سبيل خدمة الشريعة الاسلامية والقانون بالتدريس والتأليف والفتوى. وهو العالم الجليل الدكتور مصطفى الزلمي رحمة الله عليه، الذي ترك لنا ثروة عظيمة وتربى على يديه الاف العلماء وأثروا المكتبة الاسلامية والقانونية خير إثراء.

فمن حق هذا العالم علينا وعلى جميع الاساتذة والطلبة الذين تلمذوا من عنده واستفادوا من خبراته وعلمه أن يهتموا بمؤلفاته وأبحاثه بدراسته وتحقيقه وابراز جهود وآرآءه للناس جميعا.

انتهت دراسة البحث بعدة نتائج وتوصيات، منها أن هذه العالم الجليل في دراسته في المسائل الفقهية لم يعتمد على مذهب معين بل اعتمد على منهج المقارن والموازنة بين آراء الفقهاء واختيار الرأي الراجح حسب قوة الأدلة والمصلحة دون التعصب والتقيد لرأي مذهب معين. وبذل جهدا كبيرا في سبيل خدمة الشريعة عن طريق القانون وخدمة القانون عن طريق الشريعة وحاول سد الفجوة بين علماء الشريعة والقانون وشجع في دراسة المقارنة بين الشريعة والقانون.

ومن جملة اقتراحاتي في البحث الدعوة الى ولاة الامور والاساتذة ومن بيدهم الامر بدراسة أقتراحات وآراء الزلمي وجعلها حيز التنفيذ خدمة للبلاد والمجتمع.

**الباحث**

Researcher